# تەكیەو خانەقاكانی باشووری كوردستان
# لە كۆتاییەكانی سەردەمی عوسمانیدا

**م.ی. خالد محمود كريم**
**زانكۆی گەرمیان**
**فاكەڵتی پەروەردە**

**پوختە**

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی تەریقەتی قادری و نەقشبەندی لە باشووری كوردستاندا، تەكیەو خانەقاكان وەك دەزگایەكی ئاینی و خەڵوەتگەیەك بۆ دەرویش و سۆفی و ئەنجامدانی سروتە سۆفیگەرییەكان، بەرە بەرە لەگەڵێك مەڵبەند و شوێنی ناوچەكە دامەزران. وێرای ڕۆڵی ئەم دەزگا ئاینییە وەك شوێنێك بۆ سازدانی كۆڕی زیكرو ئیرشاد و خەتمەو سروتە ئاینییەكانی تر و ڕۆڵە كولتووری و كۆمەڵایەتییەكەی، كە خۆی لە جێبەجێكردن و پاراستنی داب و نەریتە كۆمەڵایەتییەكاندا دەبینێتەوە، هەروەها ببوو بەپێداویستییەكی سیاسیش، لە میانەی ئەو پەیوەستەگییە ئۆرگانییەیی لەنێوان سیاسەت و سۆفیگەریدا هەبوو لە سەردەمی عوسمانیدا، هەروەها لە میانەی ڕاكێشان و مسۆگەركردنی مەیل و سۆزی خەڵكی ئاسایی بۆ سوڵتانەكان، لەوێشەوە پتەوكردنی پایەكانی دەوڵەت. ئەم باسەی لەبەردەستدایە تەرخانە بۆ قسەكردن لەسەر دەركەوتن و پەرەسەندنی گرنگترین تەكیەو خانەقاكان لە باشووری كوردستان لە كۆتاییەكانی سەردەمی عوسمانیدا و هەوڵدان بۆ دەرخستنی دیارترین شێخەكانی و ڕوونكردنەوەی ئەو ڕۆڵە جۆراوجۆرانەی لەو قۆناغەدا گێڕاویانە.

## پێشەکی

لەگەڵ کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی ناوخۆیی میرایەتییە کوردییەکاندا (سۆران -١٨٣٦ز، بادینان -١٨٤٢ز، بابان -١٨٥٠ز)، بۆشاییەکی سیاسی و سایکۆلۆژی گەورە لە باشووری کوردستان هاتەکایەوە. ئەگەرچی سەرانی تەریقەتە سۆفیگەرییەکان لە سەردەمی دەسەڵاتی میرایەتییەکاندا زیاتر پەیامهەڵگری ڕووە ڕۆحیەکەی ناو فەزای عەشیرەتی کوردبوون، بەڵام لەگەڵ نەمانی ئەو دەسەڵاتەدا، بەرە بەرە ئەو بۆشاییە سیاسی و سایکۆلۆژییەی ناوچەکەیان پڕکردەوە، کە عوسمانییەکان نەیانتوانی چاڵاکانە پڕی بکەنەوە. بەتایبەتیش لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە، کە تەواوی ناوچەکە بەڕایەڵێکی سۆفیگەرییەوە تەنراو لە ناوەندی شارو شارۆچکەو گەلێك لە گوندەکاندا تەکیەو خانەقاکان، کە دام و دەزگایەکی سەر بە تەریقەتەکان بوون دەستبەکاربوون، کە سەرباری ئەوەی بوونە سەنتەری ئیرشادو شوێنی سروتە ئاینی و سۆفیگەرییەکان، هەروەها ڕۆڵێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریشیان گێڕا. بێ گومان گێڕانی ئەو هەموو ڕۆڵە بەتەنها پەیوەندی بەو پێگەو تایبەتمەندییە ئاینیانەوە نەبوو، کە شێخەکان هەیانبوو. بەڵکو لە ئاکامی ئەو بۆشاییەوە، کە نەمانی میرەکان لە ناوچەکەدا پێکیهێنابوو، نەبوونی سەرکردەیەکی دونیایی، کە بتوانێت ئەو بۆشاییەی دەسەڵاتە پڕبکاتەوە. ئەوەبوو خەڵکێکی زۆر (دەروێش یان سۆفی)، بەپەرۆشییەوە ڕوویان لە شێخەکان کردو کردیانن بەڕێبەرو سیمبولی ئاینی و دونیایی خۆیان و تەکیەو خانەقاکانیان ئاوەدان کردەوە.

ئەم توێژینەوەی لە بەردەستدایە، هەوڵێکە بۆ تیشك خستنەسەر مێژووی دەرکەوتن و پەرەسەندنی تەکیەو خانەقا لە باشووری کوردستان لە کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانیدا. بەقەد کێشی ئەو زانیاریانەشی کە دەستکەوتوون، دەرخستن و پیشاندانی دەرکەوتووترین شێخەکانی و ڕوونکردنەوەی ئەو ڕۆڵە ئاینی و کۆمەڵایەتی و فێرکاریانەی کە پێی هەڵساون.

توێژینەوەکە بە سەر سێ تەوەردا دابەشکراوە، لە تەوەری یەکەمدا بەکورتی تیشك خراوەتە سەر بڵاوبوونەوەی ڕێبازە سۆفیگەرییەکان لە باشووری کوردستان، بەتایبەتیش هەردوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندی. لە تەوەری دووەمیشدا هەردوو چەمکی تەکیەو خانەقا خراونەتە بەر باس و توێژینەوەو بەکورتی مێژووی دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەیان خراونەتەڕوو. هەرچی تەوەری سێیەمیشە تیایدا ئاماژەکراوە بۆ گرنگترین تەکیەو خانەقاکانی باشووری کوردستان و مێژووی دەرکەوتن و دەرکەوتووترین شێخەکانی و ئەو ڕۆڵە جیاوازانەی تەکیەو خانەقاکان گێڕاویانە. ئەو ڕەهەندانەش ئەو سێ تەوەرە سەرەکیەی سەرەوە لەخۆی گرتووە، بە مەبەستی هەوڵدانە بۆ گەیشتن بەئامانجێك، ئەویش

هەڵدانــەوەی دیــوێکی تــری مێــژووی ناوچــەکەمانە لــە ڕۆژگــاری عوسمانیــدا، کــە پێــشتر توێژینــەوە ئەکادیمییەکان بەشێوەیەکی پچڕ پچڕو سەرپێی تیشکیان خستۆتەسەر. بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکـە پشتی بەچەندین سەرچاوەی جۆراوجۆری کوردی و عەرەبی و فارسی بەستووە، کە لە لیستی سەرچـاوەو پەراوێزەکاندا دەستنیشانکراون.

تەوەری یەکەم: بلاوبوونەوەی ڕێبازە سۆفیگەرییەکان لە باشووری کوردستان:-

پەیوەندی کوردو سۆفیزم پەیوەندییــەکی دێرینــە، بــەگوێرەی سەرچــاوە مێژووییــەکان ڕێبازەکــانی سۆفیزم لە کوردستاندا، دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگارێك، کە ڕێبازەکانی تەریقەتی شــازلی و نوربەخــشی، کـە لقێکی تەریقەتی خەڵوەتییە لە کوردستاندا بوونیان هەبووە. ڕۆڵــی عارفــانی کــورد لــە دامەزرانــدن و پەرەپێدانی ژمارەیەك تەریقەت دیارو بەرچـاوە. تەریقــەتی ڕەفــاعی دامەزرینەرەکــەی کوردێـك بــووە بەناوی ئەبوو وەفا تاجولعارفین (١٠٢٦-١١٠٧ز)، کــە بــە کــاکیش نــاوبراوە،[١] هــەروەها تەریقــەتی قادری کە دواتر قسەی لەبارەوە دەکەین، بەناوی شێخ عەبدولقادری گــەیلانی(١٠٧٧-١١٦٦ز).[٢] بــە هەمان شێوە ڕیشەی تەریقەتی خەڵوەتیش دەچێتەوە سەر عارفانی کوردو فــارس و تــورك. یــەکێك لــە سۆفییە خەڵوەتیەکانی دیمەشق، کە ناوی ئەحمەد کوڕی حەریری(١٦٣٨مردووە) کــورد بــووە، هێلێکــی گرنگی خەڵوەتی لە سوریا لەمەوە پەیدابووە. مەحمود کوردی(١٧١٥-١٧٨٠ز)، کە زانــاو ســۆفییەکی خەڵوەتی بووە، مامۆستای عەبدوڵلا شەرقاوی بووە، کە لە ساڵانی (١٧٩٣-١٨١٢ز) شــێخی ئەزهــەر بووە. ئەحمەد تیجانی دامەزرێنەری تەریقــەتی خــەڵوەتیش لــە جــەزائیر، مولــەتی تەریقەتەکــەی لــەم سۆفییە خەڵوەتییە کوردەوە وەرگرتووە.[٣] بەلام لە کۆتاییــەکانی ســەردەمی عوسمانیــدا دوو تەریقــەت کۆنترۆڵی بەشی هەرە زۆری پێکهاتــە کۆمەلایەتییــەکانی کۆمەلگــەی کوردیــان کــردووە و هــەژموونی ڕۆحی و مەعنەوی خۆیان بەسەردا سەپاندووە، ئەوانیش تەریقەتی قادری و تەریقەتی نەقشبەندییە.

١-تەریقەتی قادری:-

تەریقەتی قادری یەکێکە لە کۆنترین و گرنگترین تەریقەتە ســۆفیگەرییەکانی جیهــانی ئیــسلامی، بەهۆی ئەو مۆرکە جەماوەرییەی کە هەیبووە، بەخێرایی و بەشێوەیەکی بەرفراون لەوڵاتانی ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاست بلاوبۆتەوەو مانەوەی خۆی لە جیهــانی ئیــسلامی پاراســتووە.[٤] ئــەم تەریقەتــە وەك پێــشتر هێمامان بۆ کرد، دەگەڕێتەوە سەر شێخ عەبدولقادری گەیلانی، کوڕەکانی عەبدولعەزیزو عەبــدولڕەزاق، بیروباوەڕەکانی باوکیان وەرگێڕا بۆ سیستەمێکی کردەکی-تەریقەتیانە.[٥] پێدەچێت تەریقــەتی قــادری لە باشووری کوردستان لە سەر دەستی نەوەی دوو برای سەیدەوە بــەناوی (موســاو عیــسا)، کــە گوایــە

ڕوویان لە شارەزوور کردووەو لە بەرزنجە گیرساونەتەوە، لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆیەمی کۆچی(١٥ز)دا بلاوکرابێتەوە.[٦] بەگوێرەی سەرچاوە مێژووییەکان سەی موسا بە وەچاخ کوێری کۆچی دوایی کردووە، ساداتی نەهری و شێخانی تاڵەبانی لێدەرچێت، ئیدی زۆرینەی شێخانی قادری کوردستان دەچنەوە سەر نەوەکانی سەی عیسا، کە هەندێك جار (قوتبلعارفین)یشی پێوتراوە.[٧] بەگوێرەی ئەدمۆنز، تەواوی شێخەکانی قادری، بێجگە لە تاڵەبانییەکان، دەچنەوە سەر بابا ڕەسوڵ، کە نەوەی نۆهەمین وەچەی سەید (عیسا)یە. بەگوێرەی تۆرەمەی خانەوادەکەش بابا ڕەسوڵ دوانزە کوڕو نۆ کچی هەبووە، لە کوڕەکانی تەنها شەشیان جێپێی ئەویان هەڵگرتووەو بوون بەشێخ، ئەوانیش نەوەی زۆریان خستۆتەوەو چڵ وپۆپیان بەتەواوی ناوچەکەدا فڕێداوەو بلاوبوونەتەوە.[٨]

جێی ئاماژەیە، تەریقەتی قادری هەتا سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمیش، هەرە تەریقەتی زاڵ و بالادەست بوون لە کوردستاندا و شێخەکانیان، چی ئەوانەی نەهری و چی بەرزنجییەکان، ڕێبەری ئاینیی کاریگەر بوون. چەند هۆکارێك لە پشت ئەم زاڵبوون و بالادەستییەوە بوون، لەوانە شێخەکانی گوایە بەرەگەز سەیدن و دەچنەوە سەر پێغەمبەر(د.خ)و کەس و کاری، هەروەها پێگەی خودی کەسایەتی شێخ عەبدولقادر، کە لەناو کورددا وەك پیاو چاکێکی درەوشاوەو غەوس، و بەمەزنترین و پیرۆزترین عارف ناسراوە، هۆکارێکی تر ئەوەیە شێخەکانی بەرزنجە، بەڕادەیەکی کەمتریش نەهرییەکان، وەکو زاناو شێخ بە هەموو کوردستاندا بلاوبوونەتەوە و لە زۆر شوێن نیشتەجێبوون، زۆر جاریش بۆ خۆیان (یاخود خەلیفەکانیان) کۆڕی زیکری حەفتانەی دەروێشەکانیان بەڕێوەبردووە، بەدیوێکی تردا لەنێو هۆگرەکانی ئەم تەریقە دەروێشییەدا دلسۆزو کارڕاپەڕێنەرو ڕاگەیەندەری چاك هەبوون، کە بوونە هۆی تەرزفڕێدانی تەریقەتەکە بەگشت گۆشەیەکی کوردستانداو ژمارەیەك تەکیی ناوچەییان دامەزراندو لقە سەرەکییەکانی خانەوادەکەی لێینیشتەجێبوون و سەرپەرشتیان دەکرد.[٩] یەکێکی تر لە هۆکارەکانی بالادەستی و زاڵبوونی شێخانی سەر بە ڕێبازی قادری، بەتایبەتی لقی ساداتی بەرزنجە لە باشووری کوردستان، هەڵوێستی دۆستانەی سوڵتانە عوسمانیەکان بوو لە بەرامبەریان، هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمەوە، سوڵتان سەلیمی سێیەم لە ساڵی (١٧٩٢-١٧٩٣ز)دا بەپێی فەرمانێك خەرجی مزگەوتەکەی سەی تەهای بەرزنجەی لە ئەستۆگرت.[١٠] نێوبانگی ساداتی بەرزنجە لە سەردەمی کاکە ئەحمەدی شێخ (١٧٩٣-١٨٨٧ز) گەیشتە لوتکەو موریدانی سنووری باشووری کوردستانی تێپەڕاند،[١١] تەنانەت سەرنجی هەر یەك لە سوڵتان عەبدولعەزیز (١٨٦١-١٨٧٦ز)و سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم(١٨٧٦-١٩٠٩ز)ی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.[١٢]

ئەم پێگە تایبەتەی ساداتی بەرزنجە لای سوڵتانەکان دواجار کردنی بەخاوەن نفوزێکی سیاسیش، نەك تەنها لە ناوچەی سلێمانی، بەڵکو لە تەواوی ویلایەتی موسڵ دا، هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی نفوزی سیاسیانشدا، دۆخی ئابووریان بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەیکرد. چونکە سەرباری بڕینەوەی بەخشش و مانگانەی تایبەت بۆ تەکیەو مزگەوتەکانیان، هەروەها چەندین گوندیشیان پێبەخشرا، لە سەرەتاکانی داهاتنی سیستمی تاپۆیشدا هاوشێوەی شێخ و ئاغاو دەسترۆیشتووەکانی تری ناوچەکە، شێخانی بەرزنجە زەوی زاری زۆریان کڕی و لەسەر خۆیانیان تۆمارکرد، بەم جۆرە وێڕای هەژموونە ئاینییەکەیان، بوونە خانەوادەیەکی ئەروستوکراتیش.(١٣) یەکێك لە ڕکابەرەکانی ساداتی بەرزنجە لە باشووری کوردستان، خانەوادەی شێخانی تاڵەبانی بوو(١٤)، کە شێخ و موریدەکانیان زیاتر کەوتبوونە ناوچەکانی کەرکوك و دەوروبەری.(١٥) هەروەها لقێکی تری قادری لە ناوچەی بادینان و هەولێر بوو، کە لەسەر دەستی شێخ نورالدین بریفکانی، لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا بەشێوەیەکی بەرچاو بڵاوبووەوە.(١٦)

٢-تەریقەتی نەقشبەندی:-

تەریقەتی نەقشبەندی لە سەرەتای سەدەی چواردەیەم، بەهائەددین نەقشبەند(١٣١٨-١٣٨٩ز)، کە یەکێك بوو لە بەناوبانگترین شێخەکانی ئاسیای ناوەڕاست، لە گوندێکی نزیك شاری بوخارا، پەرەی بە تەریقەتی خەواجەکان داو کردی بەم تەریقەتەی هەتا ئەمڕۆ پێی دەوترێ نەقشبەندی.(١٧) ئەم تەریقەتە لە نیوەی دووەمی سەدەی پانزەهەمەوە پەل و پۆی گەیشتۆتە کوردستان، یەکێك لە ڕابەرە دیارەکانی لەو قۆناغەدا (فەتح عەلی کورد) ناوێك بووە، کە بەگوێرەی سەرچاوەکان خەڵکی ئامێدی بووەو لە سەرەتای پێکهاتنی دەوڵەتی سەفەویدا(١٥٠١ز)، لە دەوروبەری قەزوین، وەك موریدێکی شێخ عوبێدوڵڵای ئەحرار (١٤٠٤-١٤٩٠ز)، چالاکانە کاری بۆ بڵاوکردنەوەی نەقشبەندی کردووەو ڕکابەرێکی باوەڕی ترسناك و نەیارێکی سەرسەختی سەفەوییە قزڵباشەکان بووە، هەر ئەمانیش لە کاتی هێرش و ڕەشەکوژییەکاندا بۆ سەر سونی مەزهەب و نەقشبەندییە نەیارەکانیان کوشتویانە.(١٨) هەر لەژێر کارتێکردنی ئەم شاڵاوە ڕاستەوخۆو ڕەشەکوژیانەی سەفەوییەکاندا شوێن و پێگەی نەقشبەندییەکان لە مەڵبەندە دێرینەکانیاندا لێژ دەبێ و ناچارکراون بگوێزنەوە بۆ تەورێز و ورمێ، پاش لەنگەرگرتنیان لە ورمێ، ئیدی بەهەموو ناوچەکانی کوردستاندا بڵاوبوونەوە.(١٩)

بەو هۆیەوە کە سوڵتانە عوسمانییەکان سونی مەزهەب بوون و شەڕی بەردەوامی سەفەوییەکانیان کردووە، نزیکایەتی و هاوسۆزی لەنێوان شێخەکانی نەقشبەندی و دەسەڵاتدارانی عوسمانی پەیدا

دەبێت، بەتایبەتیش لـە سـەردەمی سـوڵتان سـەلیمی یەکـەم(١٥١٢-١٥٢٠ز) و سـوڵتان سـولەیمانی قانوونیدا(١٥٢٠-١٥٦٦ز)، کە لە ناوەندەکانی عوسمانیـدا خانـەقایان بـۆ موریـدو سـۆفییەکانی ئـەم تەریقەتە دامەزرانـدووە،[٢٠] ئـەم پاڵپـشتە دەسـەڵاتدارانی عوسمـانی بـۆ تەریقەتـەکان، بەتایبـەتیش نەقشبەندی درێژەی هەبووە، بـەجۆرێك وەك تێبینیکـراوە لـە چـارەکی کۆتـایی سـەدەی نۆزدەهەمـدا زۆرینەی خانەقاکان لە ئەستەنبوولی پایتەختدا سەر بە تەریقەتی نەقشبەندی بووە.[٢١] بـەڵام ڕۆژگـاری تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردسـتان دەگەڕێتـەوە بـۆ ڕۆژگـاری دەرکەوتنی مەولانا خالیدی شارەزووری (١٧٧٧-١٨٢٦ز)، لە پاش وەرگرتنی تەریقەت لەسەر دەسـتی شـاه عەبـدوڵڵای دەهلـەوی (١٧٤٥-١٨٢٤ز)و گەڕانـەوەی لـە هیندسـتان لـە سـاڵی (١٨١١ز)[٢٢]، ئەوەبوو کەوتە ژیاندنەوەی ئەم تەریقەتـە لـەناو خـاکی کوردسـتانداو لـە ماوەیـەکی کورتـدا(١٨١١-١٨٢٠ز) بووە کێبەرکێی تەریقەتی قادری، و دەیان مەلای ئاینی لە شوێنی جیاجیـای ناوچـەکە بوونـە خەلیفەی (لانی کەم حەفتا خەلیفەی پێگەیاندووە)و بە هەزاران موریدو سۆفیان لـە دەور تەریقەتەکـەی کۆکردەوە،[٢٣] پاش دەرچوونیشی لە سلێمانی و کۆچکردن بۆ بەغداد (١٨٢٠ز)و لەوێشەوە بـۆ دیمەشـق (١٨٢٢ز) توانی بەشێوەیەکی باشتر سەرپەرشتی بڵاوبوونـەوەی تەریقەتەکـەی بکـات و لـە گروپێکـی ناوچەییەوە بیکاتە بزاڤێکی سەرانسەری لە وڵاتی عوسمانیدا.[٢٤] خەلیفەکانی لە باشووری کوردسـتاندا بەگوڕو تین و دڵگەرمییەوە دەستیان دایە بڵاوکردنەوەی تەریقەتەکەی، ئەوەشی کە لە هـەموو ئـەوانیتر زیاتر هـەژموونیان پەیـداکردو خانـەقاکانیان بـووە ناوەنـدی (ئیرشـاد)و ڕێبەرایـەتی و بڵاوکردنـەوەی تەریقەت، شێخ عوسمان سـیراجەدین ((١٧٨١-١٨٦٧ز) بـوو لـە ناوچـەی هـەورامان، هـەروەها شـێخ تاهیری نەقشبەندی لە بامەرنی و شێخ تاجەدین بوو لە بارزان.[٢٥]

تەوەری دووەم/ تەکیەو خانەقا

ئەگەرچی لـە ئـەدەبیات و نوسـین دەربـارەی سـۆفیگەرێتی، زۆر جـار جیـاوازی لـەنێوان تەکیـەو خانەقادا ناکرێت، وەك هەڵگری یەك ماناو ڕەهەند لەڕووی دەسـتەواژەییەوە، و وەك شـوێنی پـشودانی خوداپەرستی پەیڕەوانی تەریقەتەکان ئاماژەیان بۆ دەکرێت. بەڵام لە کوردسـتاندا بەگـشتی، موریـدانی تەریقەتی قادری بە دەروێش، ئەو شوێنەشی تیا کۆدەبنەوە، بە تەکیە ناسراوە. موریدانی نەقـشبەندیش بە سۆفی، شوێنی گردبوونەوەیان بـە خانـەقا ناسـراوە. لێـرەوە، بـۆ تێگەیـشتن و هەڵـشێلانی زیـاتری هەردوو دەستەواژەکە، لە ڕووی زمان و چەمك و مێژووی دەرکەوتنەوە، بە باشم زانـی بـەجیا قـسەیان لەسەر بکەم.

١-تەکیە:

تەکیە وشەیەکی تەم و مژاویەو ڕاڤەی جۆراوجۆری بۆ کراوە. بەگوێرەی هەندێ سەرچاوە عوسمانییەکان لە دوای هێرشەکانیان بۆ سەر ڕۆمەکانی ڕۆژهەلاَت، بۆ هێماکردن بۆ ئەو خانەقاو خەلوەتگانەی پێش دەرکەوتنی ئەوان هەبووە، وشەی (تەکیە)یان بەکارهێناوەو دواتر لە شوێنەکانی دیکە بووەتە باو. وشەکەش لە ڕووی زمانەوانییەوە دەچێتەوە سەر کرداری عەرەبی"وکأ-أتکأ"، کە مانای پالَدان بە شوێنێکەوە دەبەخشێت.[٢٦] جێی ئاماژەیە مانا تورکییەکەی تەکیە، هەمان مانای پالَدان بەشوێنێکەوە بۆ پشوودان دەگەیەنێت. پێدەچێتیش ڕیشەی دامەزراوەکە، بچێتەوە سەر ئەو قەلاَو قوللە سەربازیانەی لەگەلَ دەستپێکی جەنگ، لە سنوورو کەوشەنەکانی ئیسلامدا، سەریهەلَداو بە ڕەبت (ربگ- رباگ) دەناسرا، کە مەبەست لێی، ئەو قوللەو قەلاَیانە بوو، کە بۆ موجاهیدەکانیان بونیاددەنا، ئەوانەی داکۆکیان لە دونیای ئیسلام دەکرد. موجاهیدەکان لەناو ئەو قوللەو قەلاَیانەدا، شان بەشانی مەشقی سەربازی و چاودوێرێکردنی سنوور، لە ڕووی ڕۆحی و ئاینییشەوە پەروەردە دەکران.[٢٧] ژمارەی ڕەبت یان ڕەباتەکان، لە سەردەمی ئەمەوی و عەباسیەکاندا زۆربوون، لەسەر سنوورەکان بونیاددەنران، بەتایبەت ئەو سنوورانەی نائارام و مەترسی ڕودانی جەنگی تیابوو، لەگەلَ دراوسێکانی دونیای ئیسلامدا.[٢٨]

جێی ئاماژەیە، بەشێکی زۆری پەلهاوێشتنی عوسمانییەکان لە قۆناغی میرایەتی و قۆناغەکانی دواتریدا، بەرەو سنوورەکانی ڕۆمی ڕۆژهەلاَت، بەپالَپشتی پەیڕەوانی تەریقەتەکان، بەتایبەت تەریقەتی بەکتاشیەو بوو. بۆ بەردەوامی ئەم پالَپشتییەو ڕاکێشانی زیاتری دەروێشەکانیان، میرە عوسمانییەکان چەندین تەکیەو خەلوەتگە -یان بۆ دامەزراندن و زەوی زاری تازە فەتحکراویان بەناویانەوە تۆماردەکرد،[٢٩] دامەزراندنیشی لەسەر فۆرم و شێوازی قەلاَی بیزەنتیەکان بوو، کە پێکهاتبوو لە بینایەکی لاکێشەیی، لای هەر چوار گۆشەکەیەوە پایەی چاودێری بۆ دادەنرا، لەناویشەوە هۆلَی بێ پەنجەرەو گۆڕەپانی فراون و تەرخانکراو بۆ چارەوی موجاهیدەکان. بەلاَم بەهۆی وەرچەرخانی کۆمەلاَیەتی و هاتنە ئارای دۆخی ئارامی و دابڕان لە جەنگ و غەزەواتەکان، وەزیفەی جەنگی ئەو ڕەبت و خەلوەتگەو تەکیانە کۆتایهات و ئەوانەی تیا دەمانەوە خۆیان بە خوێندنی قورئان و زانستە ئاینییەکان و زمانەوە سەرقالَدەکرد، پاشان بوون بەشوێنی سۆفیگەریی و کاری خواپەرستی.[٣٠] دواتریش دامەزراندنی تەکیە قۆناغ دوای قۆناغ ناوەندی شارو شارۆچکەکانیشی گرتەوە، بەجۆرێك تا سەرەتاکانی سەدەی شانزەهەم لە ناوەندی شارە گەورەکانی عوسمانیدا چواردە تەکیەی گەورەو لە

شارۆچکەکانیشدا حەفتاو شەش خەڵوەتگە هەبووە.[٣١] لە سەدەکانی دواتریشدا لەگەڵ برەوسەندنی تەریقەتە سۆفیگەرییەکاندا، دامەزراندنی تەکیە لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا، بەتایبەتیش لە ئەستەمبوولی پایتەختدا بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزدەبێتەوە. بەتایبەتی کە ئامانجە ئاینی و کۆمەڵایەتی و کولتورییەکانی تەکیەکان (هەروەها خانەقاکانیش)، لەگەڵ ئامانج و دیدگاو باوەڕی گشتی دەوڵەتی عوسمانی و سوڵتانەکانیدا کۆك و تەبابوو، هەر بۆیە وەك دەبینین خەڵکی بەگشتی و والی و دەسەڵاتدارانی عوسمانی بەتایبەتی بەبایەخەوە ئاوڕیان لێ داوەتەوە بۆ دامەزراندن و نۆژەنکردنەوەی کۆمەکیان کردووەو ماڵ و موڵکیان لەسەر وەقف کردووەو کەم و کوڕییەکانیان پڕکردۆتەوە.[٣٢]

لە باشووری کوردستانیشدا وەك پێشتر هێمامان بۆکرد، پاش تەرزفرێدانی تەریقەتی قادری ژمارەیەکی زۆری تەکیێ ناوچەیی دامەزران و کران بەناوەندی گردبوونەوەی موریدانی تەریقەتەکە، شێخان یاخود خەلیفەکانیان کۆڕی زیکری حەفتانەی دەروێشەکانیان تیا بەڕێوەدەبرد. وەك زانراوە پەیڕەوانی تەریقەتی قادری، چی لە ناو تەکیەکان و چی لە دەرەوەیدا، زیکری بەکۆمەڵ و بەئاشکرا جێبەجێدەکەن، دەروێشەکانی قادری گەیشتن بەیەزدان و ناسینی حەق و حەقیقەتی سەفای ڕۆح، لە قیژەو هاوارو سەرڕاوەشان و خۆ شەکاندنەوە ئەزانێ، لەم سونگەوە دەروێش لە کۆڕی زیکردا لای شێخی خۆی دەف لێ ئەداو بە ئاهەنگی تایبەت و تەهلیلەکردن و ئەنجامدانی زیکری حەق، هێدی هێدی سەر ڕادەوەشێنێ تا گەرم ئەبێ، توندتر وخێراتر دەبێت، تا دەکەوێتە حاڵەتی جەزبەو حاڵ لێهاتن و خۆداپاچێن.[٣٣]

بینای تەکیە لە کوردستاندا وەك مزگەوتێکی ئاسایی وابووە، میحرابی تێدابوو، بەڵام بەبێ مینبەر، بەبوونی ئاڵای سەوزو تەپڵ و دەف و ئەو کەرەستە بڕندانەی لە کۆڕی زیکردا بەکاردێن لە مزگەوت جیادەکرێتەوە.[٣٤] هەندێ لە مزگەوتەکان پاش نۆژەنکردنەوەو فراوانکردنیان تەکیەی بۆ زیادکراوەو لە یەك کاتدا وەك مزگەوت و تەکیە ناوزەدکراون، وەك مزگەوت و تەکیەی شێخ باقی لە کەرکوك. هەندێ لە تەکیەکان لە سەر شێوازو فۆرمی ماڵان درووستکراون، یان بۆخۆیان ماڵ بوون و خاوەنەکانیان پێش مردنیان داوایان کردووە تیایدا بنێژرێن، دواتر پاش فراوانکردن و نۆژەنکردنەوەی کراون بەتەکێ و بوونەتە زیارەتگەو جێنزرگەو خەڵکێکی زۆر لە دوورەوە ڕویان تێکردوون.

٢-خانەقا

خانەقا وشەیەکی لێکدراوی فارسیە، ئەمیش ڕاڤەی جیاوازی بۆ کراوە (خانگاه، خانەگاه، خوانگاه)، زیاتریش پێدەچێت لە وشەی "خانگاه"وە وەرگیرابێ، کە بە (شوێنی مانەوە یان ماڵ...هتد لێکدراوەتەوە. لە ڕووی دەستەواژەییەوەش، ئەو شوێنەیە، کە سۆفیان تیایدا پشوودەدەن و خۆیان بەکاری خوداپەرستیەوە خەریکدەکەن.(٣٥) هەندێك پێیانوایە لە بنچینەدا مانای خوان یا ئەو شوێنەیە، کە پاشا شیوی تیادەخوات. دواتر بەو ماڵانە وتراوە، کە پاشاو میرە دڵگەرمەکان بۆ ئاین بونیادیان دەنا.(٣٦) لەم سونگەوە بەشێك لە مێژوونووسان ڕیشەی دەبەنەوە سەر کردەو چالاکی ئاینی بودایی، هەروەها مانی، لە ئێرانی کۆندا، گوایە لە قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکاندا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو بەزۆری ماهیەتی گۆڕاوەو لە کەلتووری سۆفیزمدا جێگیربووە.(٣٧)

مێژووی دەرکەوتن و بلاوبوونەوەی خانەقا لە دونیای ئیسلامدا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چوارەمی کۆچی (دەیەمی زاینی)، هەر لەو کاتەوە خانەقا وەك شوێنێك بۆ گۆشەگیری (خەڵوەتنشینی) ئەو بەشە لە خەڵکی کە بەخواپەرستییەوە سەرقاڵبوون و بە سۆفی ناسران دەرکەوتووە، بەگوێرەی هەندێ سەرچاوە، سەلاحەدینی ئەیوبی یەکەم کەس بووە لە وڵاتی شام و میسردا خانەقای داهێناوە، نێوبراو بایەخی زۆری بە زانایانی ئاینی ئیسلامی و خواناسان داوەو خانەقای بۆ کردونەتەوەو داهاتی جێگیری لەسەر وەقفکردوون.(٣٨)

لەگەڵ دەرکەوتنی تەریقەتی نەقشبەندیدا وەك پێشتریش هێمامان بۆ کرد نزیکایەتی لەنێوان شێخەکان و دەسەڵاتدارانی عوسمانیدا پەیدابووە، بەتایبەتیش لە سەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەم (١٥١٢-١٥٢٠ز) و سوڵتان سولەیمانی قانوونی (١٥٢٠-١٥٦٦ز)، کە هەستان بەکردنەوەی چەندین خانەقا بۆ موریدو سۆفییەکانی لە ناوەندەکانی عوسمانیدا. پشتیوانی و بەرگری لەم جۆرە دامەزراوەیە لەلایەن نوخبەی دەسەڵاتداری عوسمانییەوە بەرە بەرە بەربلاوتر دەبێت و پاڵپشتی بەرچاویان دەبێتە مایەی بونیادنانی خانەقای زیاترو تەنانەت دابینکردنی بژێوی ژیانی ئەو سۆفیانەی لەو مەڵبەندەدا ژیاون، بەبلاوبوونەوەی تەریقەتی خالیدیش لە ئەستەنبوڵدا لە کۆتاییەکانی دەیەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم لەلایەن موریدو شوێنکەوتوانی مەولانا خالیدەوە، بەرە بەرە هەموو خانەقاکانی تەریقەتی نەقشبەندی پێشووی لەخۆگرت، کە لەپاش سەدەی شانزەیەم و حەڤدەیەمەوە لەپایتەختی عوسمانیدا دامەزرابوون و توانیان پێکەوە کاریگەری لەسەر ژیانی فەرهەنگی و سیاسی ئیمپراتۆریا جێبهێڵن.(٣٩)

بەتایبەت لەسەر کارو کردەوە ڕیفۆرمخوازەکان، لە ماوەی یەکەم قۆناغی تەنزیماتدا لەنێوان سالأنی (١٨٣٩-١٨٧٨ز).[٤٠]

پاش ژیاندنەوەی ئەم تەریقەتە لەناو خاکی کوردستان، لەلایەن مەولانا خالیدی نەقشبەندییەوە، لە ماوەیەکی کورتدا دەیان مەلای ئاینی لە شوێنی جیاجیاوە بوونە خەلیفەی و توانیان بناغەی چەندین خانەقا لەناوچەکەدا بونیادبنێن و بەهەزارەها سۆفی و مورید لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە.

خانەقایش وەك تەکیە لە ناوەوە لە مزگەوتێکی ئاسایی دەچێت، بەلاّم خانەقاکان لە تەکیەکان سادەترن، هەر بۆیە زۆربەی کۆڕی مەجلیسیان لە مزگەوتەکاندا دەگرن،[٤١] سۆفییەکانی نەقشی عیرفان و گەیشتن بە یەزدان لە بیرکردنەوەو بێدەنگیدا دەبیننەوە، خۆیان لە هەراو هوریاو هەڵبەزین و خۆڕاوەشاندن دەپارێزن.[٤٢] لەم ڕووەوە مەولانا خالید بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری خۆی لەسەر دیدو بۆچوون و هزری موریدو لایەنگرانی دانا، تا بەوجۆرە لە تەریقەت و سۆفییەتدا گۆڕانێکی نوێی بەدیهێنا، ئەم گۆڕانەش بەجوانی لە زیکرو تەهلیلەی عاریفانەی لەنێو خانەقاندا وەبەرچاودەکەوت.[٤٣] پێدەچێت بەم هۆیەوە بێت، کە بەشێکی گرنگی زانا ناودارو خوێنەوارو شاعیرەکانی ئەو ڕۆژگارەی ناوچەکە بوونە موریدی. بەبڕوای توێژەرێك ئەمە وایکردووە ڕێژەی خوێندەوارانی تەریقەتی نەقشبەندی لە قادری زیاترو بەرزتر بێت.[٤٤]

خانەقاکان هەروەها تەکیەکانیش، وەك لە خوارەوە ئاماژەیان بۆ دەکەین، بەتەنها جێگەیەك نەبوون بۆ ئەنجامدانی کۆڕی زیکرو سروتە دەروێشی و سۆفیگەرییەکان، بەلکو زۆرجار ڕۆڵی دام و دەزگایەکی کۆمەلاّیەتی خێرخوازییان گێڕاوەو بوونەتە پەناگە بۆ سۆفی و دەروێشی گۆشەگیرو خەڵکی هەژارو کەم دەرامەت و لێقەوماو، هەندێکیشیان ڕۆڵی ناوەندێکی فێرکاری و زانستیان گێڕاوەو چەندین خوێندکاری ئاینی و زاناو نوسەرو شاعیری ناوداریان لەخۆ گرتووە.

تەوەری سێیەم: گرنگترین تەکیەو خانەقاکان لە باشووری کوردستان:-

١-تەکیەی تاڵەبانی

تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکوك لە سەردەمی شێخ مەحموود زەنگەنە، لە ساڵی (١١٨٥ك-١٧٦٤ز) بونیادنراوە.[٤٥] پاش مردنی شێخی نێوبراو، شێخ ئەحمەدی تاڵەبانی (١٧٨٠-١٨٤١ز)) کوڕی هەستاوە بەفراوانکردنی تەکیەکە، کە لە ئیرشاددا کەسێکی لێهاتوو بووەو گەلێك موریدو مەنسووب لە ناوچە جیاجیاکی عێراق و سوریاو تورکیاو ئێرانەوە ڕوویانتێکردووە.[٤٦] لە سەردەمی شێخ عەبدولڕەحمان(١٧٩٧-١٨٧٨ز)یشدا، پاش ئەوەی ناوو ناوبانگی گەیشتووەتە سوڵتان عەبدولمەجیدی

یەکـەم (١٨٣٩-١٨٦١ز)، فـەرمانی دەرکـردووە مزگـەوتێك لەسـەر شـێوازی نـوێ بـۆ تەکیەکـە بونیادبنرێت، بەو هۆیەشەوە تەکیەکە لە نوسراوە فەرمیەکاندا بەمزگـەوتی (مەجیدییـە) ناسـراوە.[٤٧] جێی ئاماژەیە مەولەوی شاعیر لە ساڵی (١٨٤٥ز)دا لە کـاتی دروسـتکردنی مزگەوتەکـەدا سـەردانی کەرکوکی کردووەو.[٤٨]

شێخ عەبدولڕەحمان وێڕای ئەوەی مورشیدێکی بەتوانا بـووە، ئـەدیب و شـاعیریش بـووە، نازنـاوی شیعری خالص بووە. بۆیە بە شێخ عەبدولڕەحمانی خالص ناسراوە، خاوەن دیوانێکی شـیعرییە، کـە بـە هەردوو زمانی تورکی و فارسی لە ژێر ناونیشانی (جۆبە عشق) لە سـاڵی (١٢٨٤ك) لـە ئەسـتەمبوول چاپکراوە. هەروەها دەستنوسێکی تری هەیە بەناونیشانی (شرح مقدمە المپنوی)، کە بە (شـرح هـەژدە بەیت) ناسراوە. تەکیەکە لە ڕۆژگاری ئەم شێخەدا بووەتە ناوەندێکی زانستی ئاینیی و چەندین قوتـابی ڕوویان تێکردووە. لەوانـە شـێخ مـەحمود مـوفتی کـوڕی شـێخ عەبـدوڵڵای خرپـانی و شـێخ عومـەر زیائەدینی بیارە[٤٩] و حاجی قادری کۆیی.[٥٠] هەروەها شێخ ڕەزای تاڵەبانی شـاعیر، کـە کـوڕی شـێخ عەبدولڕەحمانی خالص خۆی بووە، خوێندنە بەراییەکانی لەم تەکیەیەدا تەواوکردووە.

مەلا عەبدولکەریمی مـودەڕیس سـەردەمی شـێخایەتی شـێخ عەبـدولڕەحمان بەسـەردەمی زێـڕین وەسفدەکات، دەڵێت: (ئەوەندە جیلوەی خودایی هەبووە، تەکیەکەی بووە بە بنکە بۆ دائیرەی تەکیەی دەروێشان، خوێندنگاکەی دەرمانخانەی دڵ ڕێشان بووەو هۆدەکانی تەکیە مەڵبەندی پیاوان و ناوداران بوون و هەمـوو جۆرە خوێندەوارو زمانزانێ تیاندا دانیشتوون وچانیان داوە).[٥١] هەر لە سەردەمی شێخ عەبدولڕەحماندا تەکیەی تاڵەبانی وێڕای ئەوەی هەژموونی و کاریگەری خۆی بەسـەر شـاری کـەرکوك و عەشیرەت و گوندەکانی دەوروبەریـدا بلاوکردووەتـەوە،[٥٢] ناوبـانگی تەکیەکەشـی سـنووری ناوچـەیی تێپەڕاندووەو بووەتە سەرچاوە بۆ گەلێك تەکیەی ناوچەیی تر. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی خورشید پاشـا لـە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا ئەم تەکیەیە لقی لە خانەقین و حاجی قـەرەو عـەلی ئابـادو قزلرەبـات و دەرتـەنگ دا هـەبووە، و دەروێـشەکانی شـێخ عەبـدولڕەحمان تیایـدا دەسـتبەکاربوون.[٥٣] هـەروەها خەلیفەکانی ئەم شێخە لقی تەکیەکەیان بردووەتە شارۆچکەی مەندەلی،[٥٤] هەروەها وەك لە خوارەوەدا دەردەکەوێت، لقێکی تەکیەکە براوەتە شاری بەغداد.

پاش کۆچی دوایی شێخ عەبـدولڕەحمان، کوڕەکـەی کـە بـە شـێخ عـەلی گـەورە(١٨٣٢-١٩١١ز) ناسراوە، تەکیەی تاڵەبانی و لقەکانی بەڕێوەبردووە، نێوبراو دەستێکی بـاڵای لـە ئیرشـادو پێگەیانـدنی دەروێشاندا هەبووە. تەکیەکەی هەمیشە پڕبووە لـە زانایـانی ئـاینی و موریـدان و شـوێنێك بـووە بـۆ

چارەسەکردنی کێشە کۆمەلآیەتییەکان و نانپێدانی هەژاران،[٥٥] شێخ عەلی گەورە لە ساڵی (١٢٨٥ك-) لقی سەرەکی تەکیەکەی لە کەرکوك نۆژەنکردووەتەوە.[٥٦] هەروەها لە ساڵی (١٣٠٣ك-١٨٨٥ز)دا تەکیەی تاڵەبانی- لقی بەغداد-یشی نۆژەنکردۆتەوە، کە لە ڕۆژگاری باوکیدا بونیادنراوە. بەتایبەتیش تەکیەکە لە شەوانی هەینیدا ژمارەیەکی زۆری موریدو مەنسوبان کۆڕی زیکریان تیا ئەنجامداوە، بۆ ئەوەی نەروخێت بە سەریاندا، بەهاوکاری مەحمود حیلمی سەرژمێری ویلایەتی بەغداد نۆژەنکراوەتەوە. جێی ئاماژەیە موتەسەریفی مونتەفیق-ێش، ماوەیەکی کەم پێش مردنی لە ساڵی (١٣٠٢ك- ١٨٨٤ز)، بۆ هەمان مەبەست بڕی (٢٠٠٠) قرشی ئەو ڕۆژگارەی پێشکەشکردووە.[٥٧] بێگومان ئەمەش پێگەو کاریگەری ئەم تەکیە پیشاندەدات لای کاربەدەستانی عوسمانی و هەروەها خەڵکی بەگشتی.

٢-تەکیەو مزگەوتی شێخ باقی

تەکیەو مزگەوتی شێخ باقی، یەکێکە لە تەکیەو مزگەوتە دێرینەکانی کەرکوك، بەگوێرەی سەرچاوەیەك مێژووی دروستکردنی تەکیەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٢٧١ك-١٨٥٤ز) و لەلایەن عەبدولباقی شێخ ئیسماعیل لە گەڕەکی شاترلو بونیادنراوە، مزگەوتی تەکیەکەش لە ساڵی (١٣٠٢ك-١٨٨٤ز) هەمان شێخی نێوبراو دایمەزراندووە، پاش تەواوکردنی مزگەوتەکەش قوتابخانەیەکی ئاینیی تیاکردۆتەوە.[٥٨] ساڵنامەی وەزارەتی مەعاریفی عوسمانی ساڵی (١٣١٧ك-١٨٩٩ز) ئاماژەی بۆ ئەم قوتابخانەو دامەزرێنەرەکەی کردووە، کە (شێخ عەبدولباقی)یەو ژمارەی قوتابییەکانی لەو ساڵەدا بە (٦) قوتابی دەستنیشانکردووە.[٥٩] پاش مردنی (شێخ باقی)یش، مەلا محەمەدی مەزناوی و نەوەکانی، کە بنچینەیان دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی پشدەر تەکیەکەو مزگەوتەکەیان بەڕێوەبردووە.[٦٠] بەگوێرەی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، مەلا محەمەدی مەزناوی زاوای (شێخ باقی) بووە، یەك بەدوای یەك دوو کچی شێخی نێوبراوی خواستووە، پاش مردنیشی ژنەکەی خواستووەو بووە بە میراتگری شێخی خەزووری. بەم بۆنەوە کەوتۆتە بەر هێرشی ڕەخنەو توانجی مەلا مەحمودی مەزناوی برای، کە یەکێك بووە لە مەلا گەورەکانی کەرکوك و شێخ ڕەزای شاعیری هاوڕێی. مەلا مەحموود بەشێخ ڕەزای وتووە: (بەخودا شێخ باقی چاکی کرد زوو مرد وەگەر محەمەدی برام ئەویشی دەخواست!)، شێخ ڕەزایش وتویەتی:

کێ دیویە ئەی شێخ عەلی ماڵی خەزوور بۆ زاوا؟ تۆ لە کوێ تەکیە لە کوێ بزنەگەڕی مەزناوا![٦١]

٣-تەکیەی شێخ موحیٚددین بەرزنجی

ئەم تەکیە دەکەوێتە ناوەڕاستی گەرەکی عارەبان، لە ڕۆژئاوای قەلاّتی شاری هەولێر، لە دەوروبەری ساڵی (١٣٠٠ك-١٨٨٢ز) بونیادنراوە.[٦٢] بەگوێرەی مەلا عەبدوڵلای زێوەری شاعیر، تەکیەی شێخ موحیٚددین هەمیشە تەکیەیەکی ئاوەدان و پڕ دەروێشان بووە، خودی شێخ موحیٚدینی شێخ محەمەد ساڵح کەسێکی بە سەخاوەت و هەژاردۆست بووە، تەکیەکەی شەوو ڕۆژ بۆ خزمەتی چین و توێژە جیاوازەکانی خەڵکی کراوە بووە، بەتایبەتیش چینی هەژار. ڕۆحیەتی هەژاردۆستانەی شێخی ئەم تەکیەی بەم هۆنراوە دەربڕیوە:

جەنابی شێخ موحیٚددین لە هەولێر ئەکا ڕووت و فەقیران پۆشتەو تێر.[٦٣]

٤-تەکیەی بریفکانی

یەکێکە لە تەکیە دێرینەکانی بادینان، لەلایەن شێخ شەمسەدین قوتب (١٥٨٨-١٦٧٤ز)وە لە گوندی بریفکان دامەزراوە. نێوبراو سەر بە تەریقەتی خەڵوەتی بووەو ساڵانە بۆ ئیرشادکردن لە ناوچەی هەکارییەوە هاتووە بۆ بادینان. پاش ئەوەی وەك چاکەخوازێك ناوبانگی دەرکردو خەڵکێکی زۆر ڕویتێکرد, بە فەرمانێکی حاکمی ئامێدی لە ساڵی (١٦٢٠ز.) حەوت گوندی ناوچەکەی پێدراوە.[٦٤] شێخ نورەدینی بریفکانی(١٧٨٨-١٨٥١ز) کە یەکێکە لە نەوەکانی شێخ شەمسەدین، پاش ئەوەی زیاد لە جارێك تەریقەتی نەقشبەندیی لەسەر دەستی شێخە ناودارەکانی ناوچەکە وەرگرتووە، لەوانە شێخ عەبدلوەهاب شوشی خەلیفەی مەولانا خالیدو شێخ نورەدین محەمەد هیندی. دواجار لە ساڵی (١٨١٢ز) لەسەر دەستی شێخ مەحمود عەبدولجەلیل موسڵ-ی تەریقەتی قادریش وەردەگرێت.[٦٥] لەو ساڵە بەدواوە بووەتە ڕێبەری تەریقەتی قادری و لە چیاکانی مزووریدا بزاڤێکی ئیرشادی بەرفراوانی دەستپێکردووە. شێخی نێوبراو بۆ بلاّوکردنەوەی تەریقەتەکەی نەزم و دیسپلینێکی تایبەتی دانا، خەلیفەکانی خۆی لە زۆر ناوچە جێگیرکرد، تەنانەت لە شاری (موسڵ)یشدا، ئاکام موریدێکی زۆر لە دەوری کۆبوونەوە.[٦٦] بەجۆرێك تەکیەکەی هەمیشە ئاوەدان و پڕ موریدو میوان بووە، ڕۆژانە سەدان و لە هەندێ ڕۆژیشدا هەزار کەس نانیان تیاخواردووە، هەر بۆیە خەڵکانێکی زۆر سەرقاڵی خزمەتکردن بوون لە تەکیەکەدا، هەندێك بەهێنانی ئاو لە کانیاوەکانەوە، هەندێکی تر دارو درەختیان لە چیاکانەوە دەهێنا، کەسانێکیش کاریان تەنها نانکردن و چێشتلێنان بوو.[٦٧] هەژموونی ئاینی و ڕۆحی شێخ نورەدین بەشێوەیەك گەورە بوو، بوو بەجێی بایەخی والییە عوسمانیەکان، لەوانە عەلی پاشای وەزیری

والی موسڵ بووە، کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە پانزە گوندی بەشێوەی موڵکانە کردۆتە دیاری و بۆی ناردووە، بەڵام شێخ ئەوەی ڕەتکردووەتەوە.(٦٨)

پاش مردنی شێخ نورەدین نەوەکانی درێژەیاندا بەبڵاوکردنەوەی تەریقەتی قادری و لە زۆرێك لە ناوچەکانی بادینانـدا، لقی تەکیەی بریفکانیان کردەوە. لەوانە شێخ محەمەدی کوڕی عەبدوڵلا(١٨٨٧ز.مردووە)ی برای، کە بەمەبەستی ئیرشادو پەروەردەی ئاینی تەکیەی دهۆك-ی دامەزراند. و شێخ محەمەد عەلی ئەتروشی(١٩٠٠ز.مردووە)، کە لە تەکیەی ئەتروش-دا دەستبەکاربوو. هەروەها شێخ عەبدولقەهار بریفکانی، کە موریدو قوتابییەکی زۆری تەریقەت لە عەشیرەتەکانی دۆسکی و سلیڤانی و زاخۆو سندی و کلی ڕمانی و تەنانەت عەشیرەتی کۆیان لە باکوری کوردستانەوە سەردانی تەکیەکەیان دەکرد لە گوندی مەمانێ.(٦٩) شێخ نور محەمەد بریفکانی-ش یەکێکی تر بوو لە نەوەکانی، کە لە ساڵی (١٩٠٧ز)دا، لە تەکیەکەی ئەمدا لە گوندی بریفکان، شێخ عەبدولسەلام بارزانی و ژمارەیەك لە سەرانی عەشیرەتەکانی ناوچەی بادینان، لەوانە عەشیرەتی بەرواری و دۆسکی و مزوری، کۆمەڵێك داخوازی نەتەوەیی و ئاینیان نوسی و بە بروسکەیەك ڕەوانەی بابیعالیان کرد لە ئەستەمبول.(٧٠)

لە تەکیەی بریفکانیدا قوتابخانەیەکی ئاینی هەبووە، کە تەواوی شێخ و زاناکانی بریفکان و دەوروبەری دەرچووی ئەم قوتابخانەیە بوون، شێخ فاچل شوشی (ساڵی ١٩٠٣ ز.مردووە)، یەکێك بووە لە زاناو مامۆستا ناودارەکانی، ماوەیەکی زۆر لە سەرجەم بوارە ئاینییە جیاجیاکاندا وانەی وتۆتەوە، یەکێك لە بەرهەمە زانستییەکانی ڕۆژگاری ئەم مامۆستایە، کتێبی (رساله بنان البیان)ی ئەبوبەکری میر ڕۆستەمی بووە، کە لە ساڵی (١٩٠٢ز.)دا گە- ی کوڕی سەید عەبدوڵلا، بۆ شێخ محەمەد فاچل-ی نوسیوەتەوە.(٧١) جێی ئاماژەیە لەم تەکیەدا کتێبخانەیەك هەبووە، کەچەندین دەستنووسی دەگمەنی مێژوویی لەخۆگرتووە، لەوانە کۆمەڵە دەستنوسێك کە بە زمانی تورکی لەلایەن زانایەکی ئاینی کوردەوە نوسراوەتەوە، کە زانیاری گرنگی سەبارەت بەڕووداوە جۆراوجۆرەکانی میرایەتی بادینان، لەنێوان ساڵانی(١٦٨٩-١٨٢١ز) تیا تۆمارکردووە.(٧٢)

٥-خانەقای سەی ئەحمەد

یەکێك بووە لە خانەقا گەورەکانی گەڕەکی شاترلوی شاری کەرکوك، لە ساڵی (١٢٧٥ك-١٨٥٨ز)دا، بە فەرمانی سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم (١٨٣٩-١٨٦١ز)، بۆ بنەماڵەی سەردار بونیادنراوە، کە دواتر بەبنەماڵەی خانەقا ناسراون(٧٣). بەگوێرەی عەبدولڕەقیب یوسف، بەگوێرەی

وەقفێك، كە مێژووی (٧-٩-١٨٦٠.) لەسەر نوسراوە، ئیسماعیل پاشای نەوەی ئیسماعیل پاشای یەکەم(١١٨٤-١٢١٣ك)ی بادینیی، کە والی شارەزوور (١٨٦٠-١٨٦١ز) بووە، ئەم خانەقایەی بۆ شێخ قادری کوڕی سەی ئەحمەدی سەردار دروستکردووە، هەروەها خانوویەکی جوان و گەورەشی بەرانبەر خانەقاکە بۆ دروستکردووە، خانەقاو خانووەکەو چەند مولکێکی تریشی لەسەر شێخ عەبدولقادر وەقفکردووە.(٧٤)

بەگوێرەی مەلا عەبدوڵڵای زێوەر، سەید ئەحمەد کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە سەرپەرشتی خانەقاکەی کردووە، هەمیشە خوانی پڕ سەخاوەتی بۆ خەڵکی جۆراوجۆر ڕاخستبوو، وەك دەڵێت: (لە کەرکوکا جەنابی سەیید ئەحمەد لە بۆ خدمەت موهەییایە وەکوو شێر).(٧٥) هەروەها سەی ئەحمەدی خانەقا کەسایەتیەکی کاریگەربووەو لەلایەن کاربەدەستانی عوسمانییەوە حسێبی بۆ کراوە، ئەمیش لە ڕوداوەکەی ساڵی (١٩٠٧ز)ی نێوان تاڵەبانییەکان و عەشیرەتی(گل)*دا دەردەکەوێت. پاش ئەوەی تاڵەبانییەکان هەژموونی خۆیان بەسەر (بناری گل)دا سەپاندووە، گروپێك لە گلەکان هەڵساون بە سوتاندنی بیرە نەوتەکانی ناوچەکە، بەم بۆنەوە دادگایەکی عوسمانی لە کەرکوك سزای لە سێدارەدانی بۆ (محەمەد جان وەیس بەگ)ی سەرۆکی گل دەرکردووە، بەلاّم سەید ئەحمەدی خانەقا هاوڕێ لەگەڵ سەی ولد کاکەیدا، سزاکەیان لەسەر نێوبراو هەڵگرتووەو ئازادیان کردووە.(٧٦)

خانەقای سەید ئەحمەد خانەقایەگی گەورە بووەو پانتاییەکی پان و پۆڕو فراوانی داپۆشیووە، کە چەندین هەزار مەتر دەبوو، مزگەوتی خانەقاکە کەوتبووە ناوەندو بەدەوریدا زیاتر لە (٣٠-سی) ژووری هەبوو، دیوەخانی هاوینەو زستانەی جیابوو، چەندین ژووری تر، کە بۆ میوانی ناسراوو پیاوانی گەورە پڕ فەرش کرابوون، هەروەها چەندین ژووری تیابوو بۆ مەلاو فەقێ و سۆفی و ئەو خەڵکە هەژارەی، کە ڕووی لەخانەقاکە دەکرد. مەلا عەلی حیکمەتی سیاه مەنسوری مامۆستاو زانای قوتابخانەی ئەم خانەقایە بووە لە دوا دواییەکانی سەردەمی عوسمانیدا.(٧٧) کە هەر یەك لە سەید ئەحمەدی خانەقا، شێخ حەسەنی قەرەچێوار، مەلا ئەحمەد فەرقانی ڕۆژبەیانی، مەلا ناسیحی مودەڕیس و شێخ موستەفای شێخ ئەبوبەکری نەقشبەندی و دەیانی تر لەسەر دەستی ئەو ئیجازەنامەی زانستی ئاینیان لە خانەقاکەدا وەرگرتووە.(٧٨)

٦-خانەقای تەوێڵە

سەرەتاکانی دامەزراندنی ئەم خانەقایە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٢٧٢ك-١٨٥٥ز)، کاتێك شێخ عوسمان سیراجەدین، کە لە یەکەمین قوتابییەکانی مەولانا خالید بووەو بۆ ئیرشادکردن بەیەکجاری

گەڕاوەتەوە بۆ تەوێڵەو تیایدا نیشتەجێبووە،[79] خانەقای تەوێڵە لە ڕۆژگاری شێخ عوسماندا ناوبانگی هەموو هەورامان و دەوروبەری گرتەوە، مەلاو فەقێ بۆ وەرگرتنی زانستی ئاینی و موریدو خەڵکی تر بۆوەرگرتنی تەریقەت لە زۆر لاوە ڕویان تێکردووە.[80] پاشان شێخ محەمەد بەهائەدین (١٨١٨-١٨٧٢ز)ی کوڕە گەورەی، کە لە ئیرشادکردندا جێگەی گرتووەتەوە، لە کۆتاییەکانی ژیانیدا ئەم خانەقایە نۆژەن و بەرفراوان کردۆتەوە، چەند ژوورێکی بونیادناوە بەجۆرێك ئارامگای شێخی باوك بکەوێتە ناو یەکێك لەو ژوورانە،[81] لە خانەقاکەدا سێ نوسراو یان سێ تابلۆ هەیە، کە مێژووی بونیادنانی خانەقاکەو مزگەوتەکەیمان بۆ ڕووندەکەنەوە، یەکێکیان لەسەر تابلۆیەکی بەردیەو لەسەر دیواری دەرەوەی مزگەوتی خانەقاکەیەو بریتییە لە پارچە هۆنراوەیەك مێژووی ساڵی (١٢٨٤ك-١٨٦٧ز) لەسەر تۆمارکراوە. دووەمیشیان کە لەسەر تاجێکی ستوونی دارین نەخشکراوەو لە نزیك دەرگای سەرەکی خانەقاکەدایە مێژووی بونیادنانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٢٨٥ك- ١٨٦٨ ز)، لە نوسراوی سێهەمیشدا، کە لەسەر کۆڵەکەیەکی دارین زۆر بەوردی و جوانی (محەمەد عەلی) ناوێکی لەسەر تۆمارکراوە، کە یەکێك بووە لەو دارتاشانەی هاوڕێ لەگەڵ کۆمەڵێك بیناسازو دارتاش و نەقشسازدا، لەوانە (جان وەیس)و (شوکرالله)، کە شێخ بەهائەدین لە شاری (سنە)وە بانگهێشتی کردوون بۆ بونیادنانی خانەقاکە[82].

بەگوێرەی عەبدولڕەقیب یوسف خانەقای تەوێڵە جوانترین خانەقاکانی کوردستانەو لە هونەری کوردەواریدا وێنەی کەمە، گومەزییەکەی سراجەدین کە بەهەر چوارلایدا خانەقاکە بونیادنراوە، سەرنج ڕادەکێشێ و بەشێوەیەکی ئەندازەیی و جوان دروستکراوە، زەخرەفەو نەخش و نیگارو ئاوێنەبەندی ئەم گومەزە زۆر نایاب و جوان و دەگمەنەو وردەکاری زۆری تیایە، چێوەکەی لە تەختە دروستکراوە، بەئەندازەیەکی زۆر جوان لەسەر شێوەی ئەستێرەیە لە ناوەوەش شوشەی ڕەنگاو ڕەنگی بچووکی تیایە.[83]

هەر لە سەردەمی ئیرشادی شێخ بەهائەدیندا خانەقای تەوێڵە زیاتر ئاوەدانی بەخۆوە بینیەوەو بووەتە لانەو ئارامگای دڵی خەلیفەو موریدان و زاناو شاعیرانی بەناوبانگ، لەوانە حاجی مەلا ئەحمەدی نۆتشێ و مەلا عەلی تاڵشی و شێخ عەبدولڕەحمان قەرەداغی و حاجی ئەمین خاڵ. زۆر کاتیش بەدەیان زاناو خەلیفەو سۆفی لە خانەقاکەدا کۆدەبوونەوە لە ئەڵقەکانی خەتمەی شێخ بەهائەدیندا ئامادەدەبوون، بێجگە لەمانیش بەدەیان کەس لە موریدان و مەنسوبانی تەریقەتەکە لە خزمەتی خەلیفەو زانایاندا پەروەردە دەکران و فێری بنەما سەرەکییەکانی تەریقەتەکە دەکران.[84]

مەولەوی شاعیر یەکێك بووە لە موریدەکانی شێخ عوسمان، پاشان بووەتە موریدی شێخ بەهائەدین-ی کوڕی شێخ عوسمان، خۆشەویستی ئەم بنەماڵە شێخە لە زۆرێك لە هۆنراوەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە.[٨٥]

بەگوێرەی وەقفنامەیەك، کە لای نەوەکانی بنەماڵەکە پارێزراوە و شێخ بەهائەدین لەدوا ساڵی ژیانیدا (١٢٩٠ك-١٨٧٢ز) بەدەستی خۆی نوسیویێتی، تیایدا زیاد لە دە بێستان و کێڵگەو ئاشێکی ئاوو کانیاوی، لە گوندەکانی تەوێڵەو بیارەو خۆشیار لە شارەزوورو گوندی باڵخ لەسەر خانەقاکە وەقفکردووە، کە ژمارەیەکی زۆری موریدو خوێندکاری ئاینی ڕوویان تێکردووە.[٨٦]

لە پاش مردنی شێخ محەمەد بەهائەدین، کوڕە گەورەکەی عەلی حسامەدین (١٨٦٢-١٩٤٠ز) بووە بەجێگری و ڕێبەرایەتیکردنی خانەقاکەو چاودێرکردنی خەتم و تەهلیلەی سۆفییەکان و موریدو مەنسوبانی تەریقەتەکەی لەناوچەکەدا لە ئەستۆگرتووە، خانەقای تەوێڵە لە ڕۆژگاری ئەمدا بووە بە میوانخانەی هەژاران و موریدان.[٨٧] وێڕای ئەوەش لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨)دا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە هاندان و کۆکردنەوەی موریدو جەماوەری ناوچەکەدا بۆ بەدەنگەوەچوونی بانگەشەکردنی دەسەلاتدارانی عوسمانی بۆ جیهادو غەزاکردن دژ بە سوپای ڕووسیا لە ناوچەکانی خۆرهەلاتی کوردستاندا،[٨٨] بەگوێرەی سی. جی. ئەدمۆندز، ئەم ڕۆڵە سیاسییەی شێخ عەلی لە سالانی دوای جەنگیش بەردوامبووەو پێگەی ئاینی خۆی خستۆتە خزمەت سەقامگیرکردنی نەزم و یاسا لە ناوچەکەدا.[٨٩]

جێی ئاماژەیە خانەقای تەوێڵە جێگەیەکی باش بووە بۆ خوێندکارە ئاینییەکانی ناوچەکە، بەتایبەت پاش ئەوەی مەلا عەلی قزلّجی قوتابخانەیەکی تیاکردۆتەوە. ئەوەشی کە ئاستی زانستی بەرزی قوتابییەکانی ئەم قوتابخانە دەسەلمێنن، بوونی مەلا حامیدی بێسارانی (١٨٩٤مردووە) ئەدیب و شاعیرو زمانزان بووە، وەك مامۆستایەك لەو قوتابخانەدا. نێوبراو شان بەشانی کاری مامۆستایەتی، ئەو کتێبانەشی ڕوونووس دەکردەوە کە بۆ خۆی و قوتابخانەکە پێویستبوون. هەروەها ژمارەیەك کتێبی بایەخداریشی داناوە، لەوانە (شرح المپنوی)، کە لە سێ بەرگدا بەزمانی فارسی نوسیویێتی و (شرح ژات الشفا فی سیرە المصگفی صل الله علیە و سلم).[٩٠] هەروەها دانراوی (ریاچ المشتاقین)ی نوسیوە، کە سەرچاوەیەکی کەم وێنەی ڕێبازی نەقشبەندییە لە کوردستانداو تیایدا ژیانی کۆمەلێکی زۆر لە زانایان و ناودارانی کوردی ئەو رۆژگارەی تیا نوسیوەتەوە.[٩١] بەدیویێکی تریشدا ئەوەی بایەخی کەلتوری و ئەدەبی ئەم خانەقایە بەرزڕادەگرێت، پەیوەستبوون و پابەندبوونی چەندین شاعیرو نوسەر ی ناودارە بە

شێخەکانی و تەریقەتەکەیەوە، لەوانە شاعیرو ئەدیبی ناوداری کورد شێخ محەمەد مەحوی بالخی، هەروەها شێخ مەحمودی کوردستانی (عارف کوردستانی) شاعیری بەناوبانگ و حاجی شێخ محەمەد ئایەت نەبی سنەیی شاعیرو هۆشمەند، کە خاوەن شەش بەرگی (گوڵشەنی مەعریفەت) و حامیدی ئالیجانی و حاجی ئیسماعیل مەردوخی کاشتەری... هتد. [٩٢] کە ئەمەش بەدیوێکدا ئەوە پیشاندەدات کە شێخانی ئەم خانەقایە لەگەڵ شاعیران و ئەهلی عیلمدا دۆست و نزیکبوون، بەدیوەکەی تریشدا ئەم خانەقایە بووەتە چەترێك بۆ کۆکردنەوەی گەلێك شاعیرو قەڵەم بەدەست و لە گۆشەگیری و نامۆی ئەو ڕۆژگارە دوور لە عیلمە ڕزگاریکردووەن.

٧-خانەقای بیارە

خانەقای بیارە لەسەر دەستی شێخ عومەر زیائەدین (١٨٣٩-١٩٠٠ز)ی کوڕی شێخ عوسمان سیراجەدین، لە ساڵی (١٣٠٧ك- ١٨٨٩ز) سەرەتا وەك مزگەوت بونیادنراوەو پاشان کراوەتە خانەقاو قوتابخانە. [٩٣] جێی ئاماژەیە شێخ عومەر تا ساڵی (١٣٠١ك-١٨٨٣ز) لە تەوێڵە لە خزمەتی محەمەد بەهائەدینی برایدا بووە، لەو ساڵەدا هاتۆتە گوندی بیارەو دەستی داوەتە ئیرشادکردن، پیش ئەوەی خانەقای بیارەش دابمەزرێنێت سەردانی ناوچەی گەرمیانی کردووەو خانەقای لە هەر یەك لە خانەقین (١٣٠١ك-١٨٨٣ز)و قزڕەبات (١٣٠٣ك-١٨٨٥ز)و کفری (١٣٠٦ك-١٨٨٨ز) دامەزراندووە. [٩٤] خانەقاکەی خانەقین، کە دواجار وەك مزگەوت و خانەقای نەقشبەندی دەناسرێت، بەکۆمەك و هاوکاری خەڵکی خانەقین دایمەزراندووەو مەلا محەمەد جوانڕۆی کراوەتە مامۆستاو گوتاربێژی، کە قوتابی مەلا قادری بیارەیی بووە. [٩٥] خانەقاکەی کفری-یش لەسەر موڵکێکی مەجید پاشای بابان، کە بە خۆڕایی پێی بەخشیوە، بەهاوکاری کاربەدستان و کۆمەك وهەرەوەزی خەڵکی کفری بونیادیناوە،پاشان نامەیەکی بۆ سوڵتان عەبدولحەمید نوسیوە داوای یارمەتی کردنەوەی مزگەوتێکیش هەر لەو شوێنەدا کردووە، ئەویش سێسەد لیرەی بۆ ناردووەو بەناوی سوڵتانەوە مزگەوتەکە کراوەتەوە. جێی ئاماژەیە شێخ زیائەدین لقی خانەقای بیارەی لە هەر یەك لە گوندی بیاوێڵە(١٣١٠ك-١٨٩٢ز)و شارۆچکەی سەردەشت (١٣١٤ك-١٨٩٦ز) دا کردووەتەوە. [٩٦]

خانەقای بیارە وێڕای ڕۆڵە ئیرشادییەکەی، لە ڕۆژگاری شێخ عومەردا بووەتە ناوەندێکی فێرکاری زانستە ئاینییەکان و ژمارەیەکی زۆری قوتابی و فەقێ لە ناوچە جیاجیاکان ڕویانتێکردووە، بەجۆرێك قوتابخانەکەی بووەتە نموونەیەکی بچووکی (جامع الازهر)و ناوبانگی بەهەموو لایەکدا بڵاوبۆتەوە، [٩٧] جێی ئاماژەیە ساڵنامەی وەزارەتی مەعاریفی عوسمانی ساڵی (١٣١٧ك-١٨٩٩ز)، ئاماژەی بۆ ئەم

قوتابخانـەو ژمـارەی قوتابییـەکانی کـردووە، کـە لـەو سـاڵەدا (٣٠) قوتـابی بـووە، هـەروەها نـاوی دامـەزرێنەکەشـی بەشـێخ عومـەر دەستنیـشانکردووە.[٩٨] بـەگوێرەی توێـژەرێك، نێـوبراو هەوڵیـداوە باشترین زانا ئاینییەکانی ناوچەکە بـۆ قوتابخانـەی خانەقاکـەی بانگهێـشتبکات و پاڵپـشتی مـادی و مەعنەوی بۆ مامۆستاو قوتابییـەکانی دەسـتەبەربکات. لـە قۆنـاغێکی دواتریـشدا یـەکێك لـە زانـا خەلیفەکانی شێخی نێوبراو بەناوی مەلا عەبدولقادر مەلا عوسمانی کانی کۆیی (١٩١٩ز مردووە)، کـە بەمەلای گەورەو مەلای بیـارە ناسـراوە، قوتابخانـەی خانەقاکـەی فراوانکـردووەو بەشـی نـاوخۆیی بـۆ مامۆستاو قوتابییەکانی کردۆتەوە. چونکە ژمارەی قوتابی و فەقێکانی هەمیشە لە هەڵکشاندا بـووە، بەجۆرێك لە ڕۆژگاری ئەودا ژمارەیان گەیشتۆتە (١٥٠) قوتابی، کـە بـە نـەزم و دیـسپلینی تـەواوەوە زانستە ئاینییەکانیان خوێندووە. هەڵقـەی خوێنـدن بەهـەموو قۆناغەکانیـەوە سـەرەتایی و ناوەنـدی و پێشکەوتوو تا شەوانێکی درەنگ بەردەوام بووە، خوێندنی ئاینی لەم قوتابخانەدا گەیـشتۆتە ئاسـتێکی پێشکەوتوو مۆدو شێوازە باوەکەی خوێندنی تێپەڕاندووەو سیمیناری زانستی کراوەی تیا گێڕدراوە، کـە تیایدا بەشداربووان گفتوگۆیان لەسەر کێشەو بوارە جۆراوجۆرەکانی ئاین کردووە.[٩٩]

شایەنی باسە شێخ عومەر بۆ خزمەتکردنی موریدو مامۆستاو قوتابییەکان نانەواخانەیەکی لە نـاو خانەقاکەدا کردۆتەوە، بە شەو بەرۆژ نانی تیاکراوە، تەنانەت شێخی نێوبراو هەندێ جار بەدەستی خـۆی لەو فڕنەدا نانی کردووەو داوێتی بە فەقێ و سۆفییەکانی خانەقاکە.[١٠٠] جێی سـەرنجە شـێخی نێـوبراو پێشنیاری هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری سەبارەت بەپێدانی موچەو بڕینـەوەی خـەرجی تایبـەت بۆ خانەقاکەی ڕەتکردۆتەوەو لـە وەڵامـی نامەیـەکی دوورو درێـژی ناصـرەدین-ی شـای قاجـاردا، کـە پێشنیاریکردووە موچەو خەرجی خانەقاکە لە ئەستۆبگرێت دەڵێت:

ما ابـــروی فقرو قناعت نمی بـــــریم

با پادشاه بگوئید که روزی مقراست [١٠١]

شێخ عومـەری دامەزرێنـەری ئـەم خانەقایـە، خۆشنووسـێکی بـاش و شـاعیرو ئـەدیب و خـاوەن پەخشانی بەرزە، هۆنراوەی بەزمانەکانی عەرەبی و فارسی و کوردی بەدوو شـێوەی گـۆرانی و سـۆرانی هەیە، هەروەها کەسێکی کتێب دۆستبووە، کتێبخانەیەکی گەورەی لە خانەقاکەدا پێکهێنـاوەو کتێبـی جۆراوجۆری لەسەر وەقفکردووە، بەجۆرێك لـەم کتێبخانـەدا بـە سـەدان کتێبـی نایـاب و هەمـەڕەنگ هەبوون، لەوانە تەفسیری (بیچاوی)، کە بەخەتێکی زۆر جوان نوسرابووە، (توحفـەی ئیبنولحەجـەر) لـە چوار بەرگدا، بە خەتی مەلا حامیدی کاتیب، هەروەها مەکتوباتی ئیمام ڕەبانی و...هتـد.[١٠٢] جێـی

ئاماژەیە وێڕای ئەوەی دەستی نەزان و ناحەزان گەیشتۆتە ئەم کتێخانەیەو زۆرێك لە کتێبەکانی فەوتاون و پەرش و بلاّوکراونەتەوە، بەلاّم هێشتا چەندین دەستنووسی گرنگ، کە تیا بەرهەم هاتووە پارێزراون، لەوانە (تقريب المرام فی شرح تهذيب الكلام)، کە لە نوسینی عەبدولقادر سنەیی (ساڵی ١٨٨٧ مردووە)یە، لە ساڵی (١٨٩٨ز.)دا لەلایەن عەبدوللاّ مەریوانی عەبدولڕەحیم کانی سانانی نوسراوەتەوە.(١٠٣)

پاش مردنی شێخ عومەر، کوڕەکەی شێخ نەجمەدین (١٨٦٣-١٩١٩ز) لە خانەقای بیارەدا ئیرشادی کردووە، ئەمیش وەك شێخی باوك خۆشنووس و شاعیربووە، لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا، هاوشان بە زاناو شێخانی نەقشبەندی هەورامان و موریدەکانیان، پاش ڕاگەیاندنی فەتوای غەزا دژ بە سوپای ڕوسی لە ڕۆژهەلاّتی کوردستان جەنگاوە. خودی شێخ نەجمەدین لەگەڵ کوڕو براکانیدا سەرپەرشتیاری یەکێك لەو قۆلاّنەی کردووە کە بۆ ئەم مەبەستە سازو ئامادەکرابوو.(١٠٤)

٨-خانەقای مەولانا

ئەم خانەقایە لەلایەن مەحمود پاشای بابانەوە، لە ساڵی (١٢٣٠ك-١٨١٧ز.)، لە سلێمانی بۆ مەولانا خالیدی دامەزرێنەری ڕێبازی نەقشبەندی دامەزراندووەو(١٠٥) چەند گوندێکیشی لەسەر وەقفکردووە، لەوانە گوندی (کەمالاّن)، بۆ دابینکردنی خەرجی و پێداویستیەکانی خانەقاکەو موریدو مەنسوبەکانی.(١٠٦)

پاش ئەوەی مەولانا خالید لە خانەقاکەیەدا دەستبەکاربوو، خەڵکێکی زۆر لە زاناو سۆفی و موريد، لە کوردستان و تەواوی ناوچە جیاجیاکانی دونیای ئیسلامەوە، بۆ وەرگرتنی تەریقەت لەسەر دەستی و کەڵك وەرگرتن لە زانست و ڕۆحانییەتی ڕوپانتێکردووە.(١٠٧) پاش ئەوەی مەولانا خالید بە ناچاری سلێمانی بەجێدێڵێت و ڕووەو بەغداد کۆچدەکات، یەکێك لە خەلیفەکانی بە ناوی شێخ عەبدوڵلای هەراتی کردووەتە جێنیشینی خۆی و کاروباری خانەقاکەی پێسپاردووە.(١٠٨) بەلاّم وەك دەردەکەوێ مەولانا لە بەغداد-یشەوە چاودێری خانقاکەی کردووەو ئاگاداری کێشەکانی بووەو هەوڵیداوە سنوری دەسەلاّت و ئەرکەکانی دانیشتوانەکەی دەستنیشانبکات. لەم چوارچێوەدا کەسانێکی تەرخانکردووە بۆ کاروباری خستنەوەی موریدان و ئیرشاد، و کەسانی تر بۆ سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوونی موڵك و دێهات و کۆکردنەوەی بەروبووم و پێدانی خواردن و کاروبارەکانی تری دەرەوەی خانەقاکە.(١٠٩)

پاش کۆچی دوایی مەولانا خالید، شێخ ئەحمەد چووە بۆ شام، ئەوەبوو شێخ مەحمودی ساحیبی برای مەولانا خالید، ڕێ و ڕەسمی خەتمەو ئادابەکانی نەقشبەندی و ئیرشادو ئامۆژگاری و ڕێنمایی موریدان و ڕێبازەکەی لە خانەقاکەدا بەڕێوەبردووە،دوا بەدوای ئەویش، شێخ ئەحمەدی خەتیبی هەولێری، سەرپەرشتی خانەقاکەی کردووە، کە لە ولاتی شامەوە تایبەت بۆ ئەم مەبەستە گەڕاوەتەوە سلێمانی. لە سالّی (١٨٥٤ك-١٨٣٨ز)وە، لەسەر داخوازی ئەحمەد پاشای میری بابان، شێخ عوسمان سیراجەدینی لە هەورامانەوە هاتووە بۆ سەرپەرشتیکردنی کاروبارەکانی ئەم خانەقایە، کە تا سەرەتاکانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم بەردەوام بووە، بە هاتنیشی خانەقای مەولانا ئاوەدانی زیاتر بەخۆوەدەبینێ و خەڵکێکی زۆرتر ڕووی تێکردووە. هەرچی شێخ ئەحمەدی هەولێرییە ئەوا بەهاوکاری عەبدوڵلا پاشای مامی ئەحمەد پاشای بابان، لقێکی خانەقاکەی لە گوندی زەردیاوای قەرەداغ کردووەتەوەو لەوێ درێژەی بەئیرشادکردن داوە.(١١٠)

وەك لە شیعرێکی سالیمی شاعیردا (١٨٠٥-١٨٦٩ز) دەردەکەوێ، خانەقای مەولانا ڕۆڵی یانەیەکی ئەدەبی گێڕاوە، خودی سالم و هاوڕێ شاعیرەکانی تری، چالاکی و کێبەرکێی شیعریان تیا ئەنجامداوە:

لە عرصە ی ئەوجی عشقت بازی دل هەلسا لە دەورانا بەبرقی پرتوی حسنت پەری سوتا لە گیرانا

لە ڕۆژی امتحانا دیم بەرابەر ڕۆیتی معشوق کەمەر بەستەی هنر هاتن بەتیپی عشقبازانا

لە یەك لا (نالی و مشوی) لەلایە (سالم و کوردی) لە هەنگامەی هنر گەرمی تکاجوبون لە (مەولانا) لە میدانی بلاغتدا بەسواری مرکبی مچمون بەکوردوی هەر یەکە تازی صواری بو لە (بابانا) کە (نالی) تەوسنی گبعی بە ترزی گەرم جستن بو بچەو گانی خرد گویی دانشی دەرکرد لە میدانا کەرەخشی گبعی رامی هاتە سەر مقراچهکەی تعلیم رکابی پای بوسن سالم و مشوی لە دەورانا(١١١)

وەك لە شیعرەکەدا دیارە لەناو خانەقاکەدا، پێشبرکێ شیعرییەکان ڕۆژێکی دیاریکراویان هەبووە، کە تیایدا شاعیران ئەو ڕۆژەیان وەك تاقیکردنەوەیەکی شیعری بینیوە، بابەتی عیشق و خۆشەویستی بابەتی دیاری نێو ئەو شیعرانە بووە کە پێشکەشکراون. ڕەوانبێژیش پێوانەیەکی سەرەکی بووە بۆ هەڵسەنگاندنی دەقەکان، دیارترین شاعیرەکانیش، کە بەشداریان تیا کردووە، بریتیبوون لە نالی،

سالم،کوردی و مەشوی، چالاکییە شیعرییەکانیش بەبوارێکی ڕۆشنبیری سەردەمی میرایەتی بابان دانراوە.

خانەقای مەولانا بەو ڕۆڵە ئاینی و ئەدەبییەوە وایکردبوو وەك تۆژەرێك دەڵێت: سلێمانی ببێتە درەوشاوەترین ئەلبومی کوردستانێکی بچووك، بەهەموو فەرهەنگە جیاجیاو زاراوەکانییەوە، دواجاریش لەناو ئەو فەرهەنگ و دیالیکتە جۆراوجۆرانەوە دیالیکتی ناوەنجی، ئەوەی نالی و هاوڕێکانی شیعریان پێدەنوسی سەرهەڵبدات. وێڕای ئەوەی هەر لەم خانەقاوەو لەڕێگەی ئەو زانستخوازانەی دەهاتنە خانەقاکە، فەرهەنگ و زانستی نوێی خانەقاکەی مەولانایان بردۆتەوە بۆ تەواوی ناوچەکانی کوردستان و فێرخوازانی تریشیان پێ پەروەردە کردووە، تەنانەت هەندێکیشیان بوونەتە ڕابەری میللی و شۆڕشگێڕو دژی زوڵم و زۆرداری فەرمانڕەواکان وەستاونەتەوە.(١١٢)

وەك لە ناوەڕۆکی نامەیەکی شێخ عومەر زیائەدین (١٨٣٩-١٩٠٠ز)ی شێخی خانەقای بیارەدا دەردەکەوێت، کە بۆ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم(١٧٧٦-١٩٠٩ز)ی نووسیوە، دەسەڵاتدارانی عوسمانیی گوندە وەقفکراوەکانی سەر خانەقای مەولانا خالید-یان ڕاگرتووە، بەبێ ئاماژەکردن بۆ هۆکارەکانی ڕاگرتنی، وەك لە نامەکەدا هاتووە:... خانەقاکەو خەڵکە لە خوا ترس و خاوەن فیکرو بە سەبر شوکرو قورئان هەڵگرەکەی، تەماشای دەستی بەخشندەکاران و چاوەڕێی مەرحەمەتی ڕەحمەتداران دەکەن، یان بەگێڕانەوەی ئەو گوندانەی بۆی بڕاوەتەوە، یان تەرخانکردنی داهاتێك بۆ دانیشتوانەکەی...(١١٣)

خانەقای مەولانا قوتابخانەیەکی ئاینی و کتێبخانەیەکی تیابووە، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا چەندین قوتابی ئاینی تیایدا خوێندوویانەو لێی سوودمەندبوون. بەگوێرەی ساڵنامەی وەزارەتی مەعاریفی عوسمانی بۆ ساڵی (١٣١٧ك-١٨٩٩ز) خانەقای مەولانا، کە لە گەڕەکی (دەرگەزین) بووە، (١٢-دوانزە) قوتابی هەبووە.(١١٤) لە ساڵی (١٩٢٣ك-١٩٠٥ز)دا ژمارەیان (١٥-پانزە) قوتابی بووەو (مەلا موسا) مامۆستایان بووە،(١١٥) لە قۆناغەکانی سەردەمی عوسمانیدا خودی مەلا موسا، و دوای ئەویش، شێخ عومەری قەرەداغی کتێبخانەکەیان بەڕێوەبردووە.(١١٦)

جێی ئاماژەیە، لە سەرەتاکانی ساڵی (١٩٢٠ز.)دا، چواردە بازرگانی ناوداری خەڵکی سلێمانی، بڕی (١٠٩٠) ڕوپییەیان بە مەبەستی نۆژەنکردنەوەی خانەقای مەولانا خڕکردۆتەوە، حکومەتی ئەو ڕۆژگارە بە بڕی (١٠٠) ڕوپیە بەشداری لەم پرۆژەدا کردووە.(١١٧) ئەگەرچی بەڵگەیەك لەبەردەستدا

نییە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان بازرگانەکان و تەریقەتی خالیدی و خانەقاکەی لەم شارەدا، بەڵام ئەو کۆمەك و هاوکارییە نیشانەی نزیکایەتی نێوان بازرگانەکان بەگشتی و تەریقەتێکی ئاینی پیشاندەدات.

٩-خانەقای بامەڕنی

خانەقای بامەڕنی لەلایەن شێخ گاهر نەقشبەندیی(١٧٨٧-١٨٤٢ز)، کە لە بناغەدا خەڵکی ناوچەی ڕێکان بووە، لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم دامەزراوە، ناوبراو لە ناوچەی هەکاری مەولانا خالیدی بینیوەو تەمەسسوکی پێوە کردووەو تەریقەتی لەسەر دەستی وەرگرتووە. هەر بە ڕێنمایی مەولاناش ڕۆیشتووە بۆ شارۆچکەی موش و دەستی کردووە بەکاری ئیرشادکردن، پاشان گەڕاوەتەوە بۆ خانەقای ئامێدی.[١١٨] تا ڕۆژگاری دەرکەوتنی ئیسماعیل پاشای میری بادینان لە ساڵی (١٨٣٦ز.) لە ناوچە جیاکانی ئامێدی، لەوانە ڕێکان و نێرەوە و بەرواری باڵاو بەرواری خواروو و ناوچەکانی دۆسکی، لەسەر کاری ئیرشادکردن بەردەوامبووە. بەڵام پاش هاتنی میر ئیسماعیل و لەژێر گوشارو هەڕەشەکانی ئەم میرەدا ناچاربووە بڕوات بۆ گوندی بامەڕنی و لەوێ بناغەی ئەم خانەقایەی دانا.[١١٩] لەوێشەوە ناچاربووە بڕوات بۆ موسڵ، لەوێ لەبەر ڕۆشنایی ڕێنماییەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا لە سەردەمی ئینجە بیرەقداری والی موسڵ(١٨٣٥-١٨٤٤ز)دا خانەقایەکی بۆ کراوەتەوە، والی بۆ خۆی کەم و کورتی و پێداویستیەکانی خانەقاکەی پڕکردووەتەوەو هەندێ زەوی زارو بێستانیی لە ناوچەی دندان لەسەر وەقفکردووەو بوارەکانی ئیرشادی لەبەردەمدا کردووەتەوە.[١٢٠]

پاش شێخ گاهر، کوڕەکەی شێخ محەمەد (١٨٢٢-١٨٩٠ز) لە بەڕێوەبردنی خانەقای بامەڕنی و ئەوەی موسڵ-یشداجێگەی گۆتۆتەوە، لە هاویناندا لە خانەقای بامەڕنی دەمایەوەو لە زستانیشدا دەچوو بۆ خانەقای موسڵ. شێخ محەمەد لە دەرباری عوسمانییەوە نزیکبووەو سەردانی ئەستەمبوولی کردووەو دوو ساڵیش تیایدا ماوەتەوە، ئەو کاتەی سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم(١٨٣٩-١٨٦١ز) مردووەو سوڵتان عەبدولعەزیز(١٨٦١-١٨٧٦ز) هاتۆتە سەر عەرشی عوسمانی لە ئەستەنبوڵ. پێشتریش وەك شێخێك هاوڕێ لەگەڵ نزیکەی (١٠٠٠-هەزار) خزم و دەست و پێوەندو موریدەکانیدا شان بەشانی عوسمانییەکان دژ بە ڕوسیا بەشداری جەنگی قرم(١٨٥٤-١٨٥٦ز)ی کردووە.[١٢١]

شێخ بەهائەدین(١٨٥٤-١٩٥٢ز) یەکێکی تر بووە لە شێخەکانی خانەقای بامەڕنی، پاش مردنی شێخی باوکی هەردوو خانەقای بامەڕنی و موسڵ-ی بەڕێوبردووە، ناوبراو ناوبانگێکی ئاینی باشی هەبووەو ژمارەیەکی زۆر لە موردیدو مەنسوبی لە کوردستان و ناوچەکەدا هەبووە، خانەقاکەی لە

بامەڕنی هەمیشە پڕبووە لە میوان و مورید، پەناگەیەکیش بوو بۆ خەڵکی هەژار، مەجلیسی شێخیش یانەیەك بوو بۆ هەڵقە زانستییەکان و یادکردنەوەی مەسەلە ئاینییەکان، بەدیوێکی تریشدا شوێنێك بووە بۆ لێکۆڵینەوە لە مەسەلە گشتییەکان، بەتایبەتیش کێشە کۆمەلاّیەتییەکان، و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان ئاغاو جوتیارەکان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان بەگوێرەی شەرع و سوننەت. شێخ بەهائەدین لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا(١٨٧٦-١٩٠٩ز) سەردانی ئەستەمبوڵی کردووەو لەلایەن دەرباری عوسمانی و خودی سوڵتانەوە ڕێزی لێنراوەو چەندین گوندو موڵکی پێبەخشراوە.(١٢٢) ئەو گوندانەی لەسەر خانەقاکە وەقفکراون بریتین لە گوندەکانی: هورە، هیل، چمی جو، اڤکی، بانصرە، هوص، ڕیشمەو بنستان.(١٢٣)

خانەقای بامەڕنی قوتابخانەیەکی ئاینی تیابووە، بەگوێرەی سالّنامەی وەزارەتی مەعاریفی عوسمانی لە ساڵی (١٢١٧ك-١٨٩٩ز) ژمارەی قوتابییەکانی (١٥-پانزە) قوتابی بووە.(١٢٤) یەکێك لە مامۆستاکانی لە کۆتاییەکانی دەسەلاّتی عوسمانی، کە وانەی تیا وتۆتەوە، مەلا عەبدوڵلای ئەتروشی (١٩١٩ز. مردووە) بووە، کە نەوەی مەلا یەحیای مزووری بووە. (١٢٥)

بەگوێرەی صدیق الدملوجی، شێخەکانی خانەقای بامەڕنی (تەنها کاریان بۆ ئاین نەکردووە، بەڵکو بەلای ڕێبەرایەتیکردندا بایانداوەتەوەو لە ناوەندەکانی حکومەتدا نفوزێکی بەهێزیان پەیداکردووە، حکومەتیش پایەی بەرزدەکردنەوەو لە نفوزی ئەوان سوودمەندبوون بۆ چارەسەکردنی زۆرێك لەو کێشە کارگێڕییانەی بۆیان چارەسەرنەدەکرا).(١٢٦) جێی ئاماژەیە بەهۆی بەشداریکردنی شێخ بەهائەدین و موریدەکانی لە شۆڕشی (١٥-ی تەموزی ساڵی ١٩١٩ز.)دا،کە دژ بە دەسەلاّتی ئینگلیزی لە ناوچەی ئامێدی و دەوروبەریدا بەرپاکرا. لە ڕۆژی (٣ی ئابی ١٩١٩ز.)دا، خانەقای بامەڕنی لەلایەن سوپای ئینگلیزەوە ئابلۆقە دراو پاش بۆردومانکردنی سوتێنرا، خودی شێخ بەهائەدین دەستبەسەرکراو ڕەوانەی بەندیخانەی موسڵ کراوە.(١٢٧)

١٠-خانەقای بارزان

خانەقای بارزان، شێخ عەبدوڵلای، ناسراو بە(شێخ تاجەدین) دایمەزراندووە، کە مەولانا خالید لە کاتی ڕۆیشتنیدا بۆ نەهری، بە تێپەڕین بەناوچەی بارزاندا چاوی پێکەوتووەو کردوویەتی بە خەلیفەی خۆی و ئیجازەی ئیرشادکردنی پێداوە.(١٢٨) زانیارییەکان سەبارەت بە قۆناغی شێخ تاجەدین و ڕادەی دەسەلاّتی خانەقای بارزان لەبەردەستدا نییە، ئەوەی لەبارەی ئەم قۆناغەوە دەزانرێت هەر ئەوەیە، کە شێخ خانەقاکەی داناوەو کەوتووەتە پێکهێنانی هەندێ شانەی سۆفیانە لە بارزان. پێدەچێت ئەم

خانەقایە لە سەردەمی شێخ عەبدولڕەحمانی کوڕیدا دەسەڵاتی ڕاستەقینەی پەیداکردبێت.(١٢٩) قۆناغی شێخایەتی عەبدولڕەحمان درێژبووە، پێدەچێت تا شەستەکانی سەدەی نۆزدەهەم درێژەی کێشابێت، موریدەکانی کە لە ناوچەی بارزان و گوندەکانی دەروبەری بوون، کاریگەربوون بەڕێنماییەکانی، تا ئەو ڕادەی هەندێکیان دەستیان لە بەشێکی موڵکەکانیان هەڵگرتووە بۆ خانەقاکەی. کاتێکیش کۆچی دواییکرد، موریدەکانی شێخ عەبدولسەلامی یەکەمی برای، کە لەو ڕۆژگارەدا لە گوندی (ئاستە) ئیرشادیدەکرد قایلکرد بگەڕێتەوە بۆ خانەقای بارزان، بەهاتنەوەشی تەریقەتەکە زیاتر تەرزی فرێداو موریدانی زۆربوون.(١٣٠)

پاش کۆچی دوایی شێخ عەبدولسەلام لە ساڵی (١٨٧٢ز)، کوڕەکەی شێخ محەمەد کاروباری شێخایەتی گرتەدەست. لە ڕۆژگاری ئەمدا خانەقای بارزان بووەتە پشت و پەناگە بۆ زۆرلێکراوانی عەشیرەتەکانی دەوربەری لەوانە عەشیرەتەکانی زێباری، شێروانی، مزووری و دۆڵەمەڕی،(١٣١) بەدیوێکی تریشدا خانەقای بارزان لە شکستەکەی شێخ عوبیدوڵلای نەهری و دوورخستنەوەی خۆی و کوڕەکانی بۆ ناوچەی حیجاز سوودمەندبوو، ئەو ڕووداوە دەرفەتی گەورەبوونی لە بەردەم خانەقاکەدا کردەوە، بەتایبەتیش کە خانەقای بارزان سەر بە خانەقای نەهری بوو، خودی شێخەکانی بارزانیش زانیاری ئاینی و تەریقەتیان لەوانەوە وەرگرتبوو.(١٣٢)

کاتێکیش شێخ محەمەد لە ساڵی (١٩٠٣ز) مرد، کوڕە گەورەکەی شێخ عەبدولسەلامی دووەم جێگەی گرتەوە، نێوبراو قورسایی زیاتری بەناوەندی شێخایەتی و خانەقای بارزان داو چالاکتری کرد، ئەوەیش لە میانەی ئەنجامدانی کۆمەڵێك چاکسازی ئاینی و دەرکەوتنییەوە وەك داکۆکیکارێك لە مافە سیاسی و کولتورییەکانی ناوچەکە.(١٣٣) دواجار ئەم هەڵوێستانەی خستییە سەنگەری ڕوبەڕووبوونەوە لەگەڵ عوسمانییەکاندا، ئەوەبوو دوای چەندین شەڕوپێکدادان و گفتوگۆ، سەرەنجام بەپیلانێك دەستگیرکراو درایە دەست دەسەڵاتدارانی تورك، ئەوانیش لە ١٤-کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩١٤ز.) لە موسڵ لە سێدارەیاندا.(١٣٤)

پاش لە سێدارەدانی شێخ عەبدولسەلامی دووەم، خانەقای بارزان کەوتە دەست شێخ مەلا عەبدولڕەحمانی نەوەی شێخ عەبدولڕەحمانی یەکەمین شێخەکانی بارزان، نێوبراو زۆرێك لە کاتەکانی خۆی بە ئیرشادەوە بەسەر دەبرد. ئەوەبوو خانەقای بارزان جارێکی تر بوژایەوەو خەڵکی زۆری لە دەوری کۆبووەوە. بۆ دابینکردنی بژێوی ئەو موریدو مەنسوبانەش کە ڕوویان تێدەکرد دەستکرایە کۆکردنەوەی زەکات بۆ عەمباری خانەقاکە. کە لەو ڕۆژگارەدا دەبوایە لەلایەن خەڵکەوە دابینبکرێت. یان هەموو

موریدێك دەبوو ساڵانە بڕێکی داهاتی خۆی بخاتە عەمباری خانەقاکەوە، کە بەزۆری گەنم، جۆ، نیسك، نۆك و میوەی وشککراوەیان دەهێنا لەگەڵ دار بۆ سوتاندن. بەشێکی تری داهاتی خانەقا لە زەوییە وەقفکراوەکانەوە سەرچاوەی دەگرت، کە ساڵانانە بەکرێ دەدران بە جوتیارانی گوندەکە. کە لە بەرامبەردا سێیەکی بەرهەمی ساڵانەی ئەو زەویانەیان دەبەخشییە عەمباری خانەقاکە.[١٣٥]

١١- خانەقای (شێخ هیدایەتوڵلا) *

گەڕەگی خانەقا لە هەولێر، ناوەکەی لەم خانەقایە وەرگرتووە. کە لە ساڵی (١٨١٥ز)دا لەلایەن شێخ هیدایەتوڵلا-وە دامەزراوە، کە یەکێك بووە لە قوتابیەکانی مەولانا خالدی نەقشبەندی و ڕاستەوخۆ ئیرشادی لە مەولاناوە وەرگرتووە.[١٣٦] بەگوێرەی (عەباس عەزاوی) پاش ئەوەی میر محەمەدی پاشای سۆران دەستی بەسەر هەولێردا گرتووە، سەرانی تەریقەتەکانی ناچارکردووە دەرس بڵێنەوە، ئەوەشی کردۆتە پێش مەرج بۆ درێژەدان بەکاری ئیرشادکردن. بەو بۆنەوە شێخ هیدایەتی شێخی ئەم خانەقا دەستی بە دەرسوتنەوە کردووەو لەم بوارەدا تواناو بەهرەکانی دەرکەوتووە، ئەوەبوو تا کۆتایی ژیانی بەردەوام بووە لە دەرس وتنەوەو ئیرشاد کردن لەم خانەقایەدا.[١٣٧]

لە پاش کۆچی دوایی شێخ هیدایەتوڵلا لە ساڵی (١٨٣٦ز.)دا، نەوەکانی قۆناغ لە دوای قۆناغ، خانەقاکەو قوتابخانەکەیان بەڕێوەبردووە، لەوانە: شێخ محەمەد سەعیدی کوڕی، کە بە شێخ محەمەد سەعید ئەربیلی ناسراوبووەو خەلافەتی لە شێخ عەبدولغەفوری قوتابی مەولانا خالیدەوە وەرگرتووە. پاش ئەویش شێخ عەبدولڕەحمانی کوڕی شێخ سەعید، کە یەکێك بووە لە زانا ناودارەکانی ڕۆژگاری خۆی جێگەی گرتووەتەوە، کە پاش مردنیی هەر لە خانەقاکەدا نێژراوە. دوایین شێخی ئەم خانەقایە لە سەردەمی عوسمانیدا، شێخ یەحیا بووە، خانەقاکەو قوتابخانەکەی بەڕێوەبردووە، کە ئەمیش پاش مردنی لە تەنیشت باوکیدا لە خانەقاکە نێژراوە [١٣٨]

جێی ئاماژەیە ساڵنامەی وەزارەتی مەعاریفی عوسمانی ساڵی (١٢١٧ك-١٨٩٩ز)، ئاماژەی کردووە بۆ قوتابخانە ئاینییەکەی ناو ئەم خانەقایە، هەروەها ئاماژەی بۆ شێخ هیدایەتوڵلای دامەزرێنەری قوتابخانەکە کردووە، ژمارەی قوتابییەکانیشی لەو ساڵەدا بە (١٢) قوتابی دەستنیشانکردووە[١٣٩].

# ئەنجام

وەك بۆمان ڕوونبوویەوە تەکیەو خانەقان دام و دەزگاکەلێکی ڕۆحی بوون و ڕۆژگاری دەرکەوتنیان لە باشووری کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ پاش بلاوبوونەوەی تەریقەتە سۆفیگەرییەکان (قادری و نەقشبەندی)، بەو پێیەش کەپەیڕەوانی تەریقەتەکان زۆربوون، بۆیە لە تێکڕای شارو شارۆچکەکان و تەنانەت لە هەندێ لە گوندەکانیشدا تەکیەو خانەقا بونیادنراون و کراون بەچەقی کۆبوونەوەو جێبەجێکردنی ئەرك و ئەرکانە ئاینی و سۆفیگەرییەکان.

سەرباری ڕۆڵە ئاینی و سۆفیگەرییەکەی، تەکیە و خانەقاکان هەروەها ڕۆڵێکی سیاسی و کۆمەلایەتی و کەلتووریشی گێڕاوە. ڕۆڵە سیاسییەکەی خۆی لەو نزیکایەتی و پەیوەندییانە دەبینێتەوە، کە لەنێوان دەسەلاتدارانی عوسمانی و شێخانی تەریقەتەکاندا هەبووە، کە زۆر جار دەسەلاتدارانی عوسمانی و میرە لۆکالییەکانی سەر بەو دەسەلاتە، بەشێوەی جۆراوجۆر کۆمەکیان کردوون و تەکیەو خانەقایان بۆ دامەزراندوون و زەوی و گوندیان لەسەر وەقفکردوون، هەروەها زەوی و داهاتی تایبەتیان بۆ بڕیونەتەوە. بەڕوویەکی تریشدا شێخان و موریدەکانیان لە کاتی تەنگانەو جەنگەکاندا بوون بەپالپشتی سولتان و دەولەتەکەی. هەروەها ڕۆلی سیاسی هەندێ لە تەکیەو خانەقاکان لەدوادوای دەسەلاتی عوسمانیداپەرەدەستێنێ و دەبنە ناوەندێك بۆ داکۆکیکردنی لە مافە کولتووری و کارگێڕییە ناوچەییەکان.

ڕۆڵە کۆمەلایەتییەکەی تەکیەو خانەقانیش بریتییە لە نزیککردنەوەی خەلکی لە یەکترو چارەسەکردنی کێشە کۆمەلایەتییەکان و لەخۆگرتن و نانپێدانی هەژاران، هەروەها ناوەندێکیش بووە بۆ جێبەجێکردن و پاراستنی داب و نەریتە کۆمەلایەتییە سونەتییەکان و بلاوکردنەوەی گیانی برایەتی و دۆستایەتی لەنێوان خەلکیدا.

هەرچی ڕۆڵە کولتووری و ڕۆشنبیرییەکەی تەکیەو خانەقاکانیشە، خۆی لەو قوتابخانە ئاینییانەدا دەبینێتەوە، کە لەناو تەکیەو خانەقاکاندا هەبوون و بە سەدان شێخ و زانای ئاینیی و شاعیر، هەروەها قوتابی ئاینییان لەخۆگرتووەو تیایدا بەڕۆحی سەردەمەکە جۆش و پەروەردە کراون، لەم ڕووەشەوە ڕۆلی بەرچاویان لە بلاوکردنەوەی خوێندن و پەرەپێدانی کولتوورو ڕۆشنبیری سونەتیدا هەبووە لە ناوچەکە. بەدیوێکی تردا بەتایبەت هەندێ لە خانەقاکان، ڕۆلی یانەی ئەدەبییان گێڕاوەو کۆڕی شیعرو کێبەرکێی ئەدەبی وە یان سیمینارو گفتوگۆی ئاینیان تیا ئەنجام دراوە.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان

(١) جەعفەر عەلی رەسوڵ، سۆفیزم و کاریگەری لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورددا ١٨٨٠-١٩٢٥،(سلێمانی ٢٠٠٨)، ل٤٢.

بەگوێرەی هەندێ سەرچاوە، أبو الوفا تاج العارفين دامەزرێنەری تەریقەتی ریفاعی نییە، بەڵکو شێخ ئەحمەدی ریفاعی (م ١١٨٢ز) دامەزرێنەرە. ریفاعیەکان ئەبو لوەفا بە پیرۆز دەزانن و پێیان وایە ئەو مژدەی دەرکەوتنی شێخ ئەحمەدی ریفاعی ڕاگەیاندووە.(بڕوانە: الرافعي: سواد العينين في مناقب الغوپ أبي العلمين، (القاهره ١٣٠١)، ص١٩. ئاماژەش بۆ ئەوە دەکرێ کە لەو زنجیرە سۆفیگەرییانەی تەرقەتی ریفاعی پێوە پابەندە زنجیرەی وەفائییە. Terminghaam: The Sufiorders, p.49

(٢) کورد لە ئینسایکلۆپیدیای ئیسلامدا، و: حەمە کەریم عارف، چ١، (سلێمانی ٢٠١٠)، ل ٢١٧، ڕەشاد میران، ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، چ٢، (هەولێر ٢٠٠٠)، ل٥٨

(٣) جەعفەر عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.

(٤) أحمد يشار أوجاق، الحياة الدينية و الفكرية، ضمن كتاب: الدولة العثمانية تاريخ وحضارة، المجلد الثانی، اشراف و تقديم، أكمل الدين احسان أوغلو، ت: صالح سعداوی، ط٢, (اساتنبول ٢٠١١)، ص ١٨٤.

(٥) حەیدەر لەشکری، لە شەریعەتەوە بۆ حەقیقەت (سەرهەڵدانی سۆفیگەری لە پانتای کوردیدا)، (هەولێر ٢٠١٣)،ل٣٧٣.

(٦) عماد عبدالسلام رؤوف، دراسات وثائقية في تأريخ الكرد الحديث و حضارتهم، (دمشق ٢٠١٢)، ص ص٣٤٢ و ٣٦٦.

(٧) یەکێك لە خانەوادەی شێخە ناودارەکانی کوردستان، کە (ساداتی نەهری)ن، خۆیان بەنەوەی شێخ عەبدولقادر دەزانن، ئەویش لە ڕێگەی شێخ عەبدولعەزیزی کوڕییەوە. بۆ زیاتر بڕوانە: مارتن فان برۆنەسن، ئاغاو شێخ و دەوڵەت، و: کوردۆ عەلی، ب٢، (سلێمانی ٢٠٠٨)، ل١٣٣.

(٨) سی.جی. أدموندز، کرد و ترك و عرب، ت: جرجيس فتح الله، (بدون مكان وسنه گبع)، ص٦٩. بەگوێرەی سەرچاوەیەکی تر لە سەردەمی سەیدەکانی بەرزنجەدا تەریقەتی عەلەوییەو خەڵوەتییە باوبووە، هەتا سەردەمی سەید محەمەدی نودێی، لە پاش ئەم کوڕەکەی ئیسماعیل قازانی بەرەو بەغداد ڕۆیشتووەو تەریقەتی قادری لە شێخ ئەحمەدی ئەحسائی وەرگرتووەو گەڕاوەتەوە

کوردستان و لە گوندی قازانقایە جێگیربووەو دەستی داوەتە ئیرشاد، ئەمەش لە کۆتایی سەدەی یازدەی کۆچی و سەرەتاکانی سەدەی دوازدەی کۆچیدابووە. بڕوانە: ئیبراهیم ئەحمەد شوان، سۆفیگەری (شیعری ئاینی سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا،، (هەولێر ٢٠٠١)، ل٧٤.

(٩) مارتن فان برونەسن، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٣٧-١٣٨.

(١٠) سی.جی. أدموندز، المصدر السابق، ص٧١.

(١١) ڤ.ف. مینورسکی، الاکراد ملاحظات وانطباعات، ت: معروف خزندار، (بغداد ١٩٦٨)، ص٥١.

(١٢) خالد مەحمود کەریم، دەوڵەتی عوسمانی و عەشیرەتە کوردەکان لە کوردستانی باشوور(١٨٦٩-١٩١٤)، (سلێمانی ٢٠١٢)،ل ١٢١.

(١٣) عثمان علی، دراسات فی الحرکة الکوردیة المعاصرة(١٨٣٣-١٩٤٦)، دراسة تاریخیة وثائقیة (اربیل ٢٠٠٣)،ص١٨٧.

(١٤) ی. ئی. ڤاسیلیەڤا، کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات، و: ڕەشاد میران، (هەولێر ٢٠٠٩)،ل٢٢١.

(١٥) بڕوانە: مێجەر ئی.بی. سۆن، چەند سەرنجێك دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو، و: نەجاتی عەبدوڵا، (سلێمانی ٢٠٠٧)، ل ل ٨٧-٨٨.

(١٦) کامیران عبدالصمد احمد الدوسکی، بهدینان فی اواخر العهد العثمانی (١٨٧٦-١٩١٤)، (اربیل ٢٠٠٧)، ص٣٠٨.

(١٧) ڕێبازی سۆفیگەری نەقشبەندی-خالیدی (مەولانا خالیدو تەریقەتی خالیدی)، ب٢، و: هەڵکەوت حەکیم، (هەولێر ٢٠٠٩)، ل١٥. تەریقەتی خەواجەکان دامەزرێنەرەکەی عەبدولخالق غودجەوانی بوو، کە لە گوندی غودجەوانی لە باکووری ڕۆژئاوای بوخارا لە دایکبووەو لە ساڵی (١٢٢٠ز.) کۆچی دوایی کردووە. نێوبراو سۆفی خواجە یوسفی هەمەدانی بوو، پاشان بۆخۆی تەریقەتێ دادەمزرێنی کە دواجار بەناوی خەواجەکانەوە دەناسرێت و هەشت بناغە دادەنێ بۆ تەریقەتەکەی کە پاشان دەبنە بنچینەی نەقشبەندی. بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل١٤.

(١٨) جرجیس فتح الله، مبحپان علی هامش پورە الشیخ عبیداللە النهری، گ٢، (هەولێر ٢٠٠١)، ص١٢٩.

(١٩) محەممەد حەمە باقی، مەولانا خالید، ڕوناکبیرێکی نوێ بۆ سەردەمێکی نوێ، لە چواچێوەی کتیبی: مەولانا خالید موسافیرە بێ نیشتمانەکە، ئامادەکردنی: علی عەبدوڵلا و حەبیب محەمەد دەرویش، (سلێمانی ٢٠١٢)، ل٤٧.

(٢٠) أحمد يشار أوجاق، المصدر السابق، ص ١٨٦.

(٢١) جان ل. اسپوزيتو، دايره المعارف جهان نوين و اسلام، ت: حسن گارمی، محمد دشتی و مهدی دشتی، (ب٢)، (تهران ١٣٨٨)، ص٥٢٠.

(٢٢) بۆ زانیاری زیاترلە سەر ژیانی مەولانا خالید و سەفەرەکەی بۆ هیندستان و وەرگرتنی تەریقەت بڕوانە: ئەمیر وەزیری، نەقشبەندی لە کوردستان، و: عەلی میرزا عارف هەورامی، (سلێمانی ٢٠١٣)، ل ل٢٣١-٢٥٠. هەروەها: نامە عەرەبییەکانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی، وەرگێڕان و لێکدانەوەی: ئیبراهیم فەتاح، (هەولێر ٢٠٠٩)، ل ل١٣-٣٧.

(٢٣) بەبڕوای زۆربەی نەقشبەندییەکان ئەو پەل و پۆهاوێشتنە خێرایەی تەریقەتەکەیان هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پتەوی باوەڕی عیرفانانەیان و بەرزیی و نموونە باڵایی ڕەووشتی شێخەکانیان. بەڵام بەبڕوای مارتین ڤان برۆنەسن تەریقەتی نەقشبەندی لە ڕووی پەیکەرو شێرازەی ڕێکخستنییەوە لە تەریقەتی قادری تۆکمەترو ئامادەترو لەبارتربووە بۆ گەشەکردنێکی سەربەخۆ. بۆ زیاتر لەم بارەوە بڕوانە: مارتین ڤان برۆنەسن، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٤٨-١٥١. هەروەها: ڕێبازی سۆفیگەری نەقشبەندی-خالیدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٤٤-٤٧.

(٢٤) ئارام عەلی سەعید، ئامادەیی تەریقەتی مەولانا خالید لە شۆرشی شێخ عوبێدوڵڵای نەهری، لە چوارچێوەی کتیبی: مەولانا خالید موسافیرە بێ نیشتمانەکە، ل١٠٦.

(٢٥) لە لاپەڕەکەکانی دادێت قسە لەسەر شێخ و خانەقاکانیان دەکەین.

(٢٦) محسن كيانی، تاريخی خانقاه در ايران، ض٣، (تهران ١٣٨٩)، ل١٠٦.

(٢٧) احمد ابو زيد، عمائر انفردت بها الحضارة الاسلامية، مجلة (الوعى الاسلامى)، الكويت، (عدد ٥٣٢- سنة ٢٠١٠)، ص ٢٨.

(٢٨) عبدالرزاق احمد وادى، وقف الربط والخوانق و الزوايا فى بلاد الشام، مجلة (سر من رأى)، (مجلد ٨)، (عدد ٣٩ لسنة ٢٠١٣)، ص٣٠.

(٢٩) بۆ زانیاری زیاتر لەم ڕووەوە بڕوانە: أحمد يشار أوجاق، المصدر السابق، ص ص١٧٣-١٨١.

(٣٠) عبدالرزاق احمد وادی، المصدر السابق، ص٣١.

(٣١) أحمد يشار أوجاق، المصدر السابق، ص١٨١.

(٣٢) حميد محمد حسن الدراجي، الربط والتكايا البغدادية فى الفترة العثمانية، اطروحة دكتوراه غيرمنشورة، كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٩٦، ص١٨٩.

(٣٣) محەمەد صالح ئيبراهيمی محەمەدی (شەپۆل)، ژيناوەری زانايانی كورد لە جيهانی ئيسلامەتی يان گەنجينەی فەرهەنگ و زانست، (تهران ١٣٦٤)، ص ١٥٠.

(٣٤) مارتن فان برونەسن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٤.

(٣٥) محسن كيانی، سەرچاوەی پێشوو، چ٣، ل٥٥.

(٣٦) مصطفى جواد، الربط واثرها فى الثقافة البغدادية، مجلة (سومر)، (مجلد ١٠، بغداد ١٩٥٤)، ص ص ٢٣٣-٢٣٤.

(٣٧) جان ل. اسپوزيتو، سەرچاوەی پێشوو، ص٥١٩.

(٣٨) بڕوانە: عبدالرزاق احمد وادی، المصدر السابق، ص٣٢.

وەقف لە شەرعدا بريتييە لە ڕاگرتنی ماڵێك، كە قازانجی لێبكەوێتەوەو خەرجكردنی ئەو قازانجە بۆ مەبەستێكی شەرعی. ئيدی ئەو ماڵە زەوی زاربێت، يان باخ و بێستان، يان هەر موڵكێكی تر. بەڵگەو دەليلی وەقف لە شەرعدا بريتييە لەم ئايەتە(لن تنالو البر حتى تنفقوا مما تحبون)(ئل عمران:٩٢)، هەروەها ئەم فەرمودیەی پێغەمبەر(د.خ) كە فەرموويەتی(اڎا مات ابن ادم انقگع عمله الا پلاپ: صدقه جاريه او علم ينتفع بھ، او ولد صالح يدعو لھ). صحيح مسلم (رقم الحديپ١٦٣١)، تحقيق: محمد فۆاد عبدالباقی، دار أحياو التراپ العربى، (بيروت، بلا تاريخ گبع)، ص٣٢٠.

(٣٩) تێری زەركۆن، بلاوبونەوەی تەريقەتی قادری بەرەو ڕۆژهەلات، و: محەمەد حەمە ساڵح توفيق، گۆڤاری كوردۆلۆجی، (ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٠٩)، ل ل ٢٣٢-٢٣٣.

(٤٠) بوترس ئەبوو مەننە، ڕێبازی سۆفيگەری نەقشبەندی-خاليدی (مەولانا خاليدو تەريقەتی خاليدی)، و: محەمەد حەمە ساڵح توفيق، گۆڤاری (كوردۆلۆجی)، (ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٠٩)، ل ٢٣٠.

(٤١) مارتين ڤان برونەسن، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٦٤-١٦٥.

(٤٢) محەمەد صالح ئيبراهيمی محەمەدی (شەپۆل)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥١.

(٤٣) سوهەیلە محەمەدی، زانیارییەك لەسەر تەریقەتی نەقشبەندی و كاریگەری مەولانا خالید لەسەر شەریعەت و كاروباری سیاسی و كۆمەڵایەتی كۆمەڵگا، لە چوارچێوەی كتێبی مەولانا خالید موسافیرە بێ نیشتمانەكە, ل٣١١.

(٤٤) بڕوانە: ئیبراهیم ئەحمەد شوان، سەرچاوەی پێشوو،ل ٨٣.

(٤٥) سمكۆ بەهرۆز (ئەژی)، مێژووی هونەری تەلارسازی ناوچەی كەركوك، (سلێمانی ٢٠٠٨ز)، ل١٩٥.

(٤٦) مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەریس، بنەماڵەی زانیاران، ناوەندی بڵاوكردنەوەی سنە(تهران ١٣٨٩)، ل٤٤١.

(٤٧) نوری تاڵەبانی، شێخانی ئیرشادی تاڵەبانی و چەند ناودارێكی تری ئەم بنەماڵەیە، (سلێمانی ٢٠٠٢)، ل ٣١.

(٤٨) مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەریس، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٦.

(٤٩) محمد علی القرداغی، هویة كركوك الثقافیة و الاداریة، ط٢، (اربیل ٢٠٠٧) ل ل٦٢-٦٣.

(٥٠) نوری تاڵەبانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣.

(٥١) مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەریس، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٤.

(٥٢) عباس العزاوی، عشائر العراق الكردیة، (بغداد ١٩٤٧)، ص١٢٢.

(٥٣) خورشید پاشا، رحلة الحدود بین الدولة العثمانیة وایران، ت: مصطفی رشوان، (مصر ٢٠٠٩)، ص ص١٩٢ - ١٩٨.

(٥٤) جمیل بندی الروژبیانی، مدن كردیة قدیمة (تأریخها، جغرافیتها، رجالها، علماؤها، ادباءها)، (السلیمانیة ١٩٩٩)، ص١٧٣.

(٥٥) مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەریس، سەچاوەی پێشوو، ل ل٤٥١-٤٥٢.

(٥٦) موكەڕەم تاڵەبانی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی(ژیانی، پەروەردەی، بیروباوەری و شیعری)، چ٢، (هەولێر ٢٠١٠)، ل٣٢.

(٥٧) عباس العزاوی المحامی، موسوعة تاریخ العراق بین احتلالین العهد العثمانی الاخیر، مجلد (٨)، الدار العربیة للموسوعات، ص ٩٦.

(٥٨) نجات كوثر اوغلو، من حوادث كركوك، (كركوك ٢٠٠٦)، ص٥٧.

(٥٩) فاضل بیات، دراسات فی تاریخ العرب فی العهد العثمانی،(بیروت ٢٠٠٣)، ص ٣١٨.

(٦٠) گۆران فەتحی، بەشێك لە مزگەوت، تەكیە، خانەقا، زاناو پیاوە ئاینییە ناودارەكانی، (سلێمانی ٢٠١٢)، ل١٤٨.

(٦١) مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، كەركوك ناوی-مێژووی كۆنی-دانیشتوانی-دەسەڵاتەكانی، (كەركوك ٢٠٠٦)، ل٦٧. سەبارەت بەم كۆپلە شیعرە بڕوانە: دیوانی شێخ ڕەزا تاڵەبانی، كۆكردنەوەو و ساغكردنەوەی شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا، (كوردستان ٢٠١٣)، ل ٤١.

(٦٢) شێرزاد شیخ محمد، الآثار الدینیة فی اربیل(المقابر، والمساجد و الجوامع والتكایا القدیمة فی اربیل)، ط١، (اربیل ٢٠٠٢)، ص١٤٣.

(٦٣) مەلا عەبدوڵڵای زێوەر، گەنجینەی مەردان و یاداشتی ڕۆژانی دەربەدەری، (بغداد ١٩٨٥)، ل١٣٥.

(٦٤) محفوظ محمد عمر العباسی، امارة بهدینان العباسیة، (الموصل ١٩٦٩)، ص١٤٣.

(٦٥) محمد احمد الكزنی، الشیخ نورالدین البریفكانی، (القاهرة ١٩٨٣)، ص ص٢٩-٣١.

(٦٦) صدیق الدملوجی، امارة بهدینان الكردیة او امارة العمادیة، ط٢، (اربیل ١٩٩٩)، ص ص٥٨-٥٩.

(٦٧) محمد احمد الكزنی، المصدر السابق، ص٣٥.

(٦٨) ملا محمد سعید یاسین البریفكانی، فضلاء بادینان، (دهوك ١٩٩٧)، ص ٦٧.

(٦٩) محفوظ محمد عمر العباسی، المصدر السابق، ص ص ١٤٦-١٤٧.

(٧٠) بۆ زانینی ناوەڕۆكی ئەو داخوازیانەو هەڵوێستی عوسمانییەكان لەبارەیەوە بڕوانە: پی ڕەش، بارزان و حركە الوعی القومی الكردی ١٨٢٦-١٩١٤، (ب.ش. ١٩٨٠)، ص ٩٨-١٠٠. هەروەها: كامران عبدالصمد أحمد ألدوسكی، المصدر السابق، ص ص١٤٣-١٤٦. هەروەها بڕوانە: جەعفەر عەلی ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٥٠-١٥٥.

(٧١) عماد عبدالسلام رؤوف، مراكز ثقافیة مغمورة فی كردستان، ط٢، (اربیل ٢٠٠٨)، ص ص ٤١-٤٢.

(٧٢) عماد عبدالسلام رؤوف، دراسات وثائقیة فی تأریخ الكرد الحدیث و حضارتهم، ص٤٠.

(٧٣) گۆران فەتحی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٥.

(٧٤) عبدالرقیب یوسف، حدود كردستان الجنوبیة تاریخیا و جغرافیا، ط٢، (سلیمانی ٢٠٠٥)، ص ص ١٣٩-١٤٠.

(٧٥) بڕوانە: گەنجینەی مەردان و یاداشتی ڕۆژانی دەربەدەری، ل١٣٦.

* گل عەشیرەتێکی دێرینی کوردن، ناوێکیشە بۆ ناوچەیەك،کە تیایدا جێگیربوون و نزیکەی (١٨) گوند لەخۆدەگرێت، گەورەترینیان (گل، کانی قادر، ئاوباریك، کۆرومۆر)ە، بە دووری (٤٠)کم دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەلاتی پارێزگای کەرکوك. بۆ زیاتر بڕوانە: ئاورێك لەچەند لایەنێکی مێژووی هۆزی گل، ئامادەکردنی: ئەحمەد شێخ لەنگەری، (سلێمانی ١٩٩٩)، ل ل١٤-١٧.

(٧٦) بڕوانە: جميل بندی الرۆژبيانی، المصدر السابق، ص٨٠.

(٧٧) مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٦٦-٦٧.

(٧٨) محمد علی قرداغی، هوية كركوك الثقافية، ص ص ٥٨-٥٩.

(٧٩) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان و هەندێ لە مورید و مەنسوبە دیارەکانی، چ٢، (هەولێر ٢٠١١)، ل ٣١.

(٨٠) حەمە کەریم هەورامی، مەولەوی شاعیری ئازارو خەمە، چ١، (هەولێر ٢٠١٣)، ل ل ١٨٨-١٨٩.

(٨١) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان و هەندێ لە مورید و مەنسوبە دیارەکانی، ل٣٢.

(٨٢) عبدالرقيب يوسف، الگراز المعماری والزخارف فی گويلە، (بە شی عەرەبی گۆڤاری (کاروان) ژمارە(٧)ی ساڵی ١٩٨٣)، ل١٢٧.

(٨٣) هەمان سەرچاوە، ل١٢٦.

(٨٤) ئەمیر وەزیری، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٣.

(٨٥) بۆ زیاتر بڕوانە: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بنەماڵەی زانیاران، ل ٣٠٩.

(٨٦) عبدالرقيب يوسف، الطراز المعماری والزخارف فی طويلة، ل١٢٨.

(٨٧) مەلا عەبدوڵلای زێوەر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣.

(٨٨) بڕوانە: کاوەی بەیات، خۆرهەلاتی کوردستان لە بەلگەنامەکانی وەزراەتی ناوخۆی ئێراندا(تایبەت بەیەکەمین جەنگی جیهانی ئۆرگانی بەڵگەنامەنیشتمانییەکانی ئێران)، و. مستەفا غەفور، (هەولێر ٢٠١٣)، ل ل ٧١، ١٠٥، ١٠٧.

(٨٩) بڕوانە: كرد و ترك و عرب، المصدر السابق، ص١٤٣.

(٩٠) عماد عبدالسلام رۆوف، مراكز پقافيه مغموره فی كردستان، ص ص١١٠-١١١.

(٩١) بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەم دانراوە بڕوانە: محەمەدعەلی قەرەداغی، بوژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، (ب٥)، (١٤٢٣ك-٢٠٠٣ز)، ل ل ١٨٧-٢٠٤.

(٩٢) ئەمیر وەزیری، سەرچاوەی پیشوو، ل ٣٢٣.

(٩٣) عبدالرزاق عبدالرحمن محمد، سەربوردێکی هەورامان و سەردانێکی تەوێڵە، (تاران ٢٠٠٥)، ل٥٧٥.

(٩٤) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان و هەندێ لە مورید و مەنسوبە دیارەکانی، ل١٣٠. جێی ئاماژەیە مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس لەدانراوێکی تریدا، سالّی (١٣٠١ك) بۆ کردنەوەی خانەقای قزلرەبات و سالّی (١٣٠٣ك).ی بۆ کردنەوەی خانەقای خانەقین داناوە. بەلاّم لە یادی مەرداندا جەخت لەوە دەکاتەوە، کە یەکەم جار خانەقای لە خانەقین دا لە سالّی (١٣٠١ك) کردووەتەوە. بڕوانە: لە بنەمالّەی زانیاران، ل ٣١١.

(٩٥) جميل بندى الرۆژبيانى، المصدر السابق، ص٢٦٤.

(٩٦) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان و هەندێ لە مورید و مەنسوبە دیارەکانی، ل١٣٠.

(٩٧) ئەمیر وەزیری، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٠.

(٩٨) فاضل بيات، المصدر السابق، ص ٣١٨.

(٩٩) عماد عبدالسلام رؤوف، مراكز پقافيه مغموره فی کردستان، ص ص٤٦-٤٧.

(١٠٠) ئەمین شێخ عەلاو الدین نەقشبەندی، تەسەوف چی یە، چ٢، (سلێمانی ٢٠٠٢) ل ٥٣٨.

(١٠١) عبدالرزاق عبدالرحمن محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٥٧٥-٥٧٦.

(١٠٢) بۆ زیاتر، هەروەها بۆ بینینی هۆنراوەکانی بەهەردوو زاراوە بڕوانە: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان و هەندێ لە مورید و مەنسوبە دیارەکانی، ل١٣٢-١٧٧.

(١٠٣) عماد عبدالسلام رؤوف، مراكز ثقافية مغمورة فی کردستان، ص٤٧.

(١٠٤) بڕوانە: محمد نجم الدين النقشبندی، شێخ نەجمەدین نەقشبەندی ڕێبەری تەریقەتی نەقشبەندی لە بیارەو ڕۆڵی لە بەرگری کردن لە کوردستان دا، گۆڤاری (کاروان)، (ژمارە (١٤٥)ی سالّی ٢٠٠٠)، ل ل١٩-٢١.

چی دەسەڵاتدارانی عوسمانی و چی ئەڵمانەکانیش، کە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا دژ بە وڵاتانی هاوپەیمان لە بەرەیەکدابوون، هەوڵیانداوە بەشێوەی جۆراوجۆر کار لەسەر هەستی ئاینی گەلانی ناوچەکە بکەن (بە گەلی بەکوردیشەوە)و بۆ بەرژەوەندی خۆیان ڕایانبکێشنە ناو جەنگەوە. سوڵتانی عوسمانی بۆ ئەم مەبەستە بانگی جیهادی ڕاگەیاند، شێخی ئیسلامی عوسمانیش چەندین فەتوای دەرکرد. ئەڵمانەکانیش ڕێکخراوی (ئیتحادی ئیسلام)یانپێکهێناو هەوڵیاندا سەرانی عەشیرەتەکان و هێزەکانیان ڕاکێشن بۆ خۆیان. لەم ڕووەوە هەواڵگرە ئەڵمانەکان بە سەرۆکایەتی کاپتنن شۆڵتس،توانیان بەدرێژای ساڵی (١٩١٦ز) سەرکەوتنی باش بەدەست بێنن و ڕێ بگرن لەوەی سوپای ئینگلیزی و ڕوسی لە عێراق بگەنە یەك. یەکێك لەو عەشیرەتانەی بە قورسی بوونە پاڵپشتی ئەڵمان و تواناکانیان خستە خزمەتیانەوە، سەرانی عەشیرەتی سەنجاوی بوو. گێڕانەوەکانی عەلی ئەکبەر خانی سەنجاوی ئەم مەسەلە دەسەلمێنن، نێوبراو لە یاداشتەکانیدا باس لەوەدەکات، کە هەوڵیداوە لەمیانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆو نامەی پڕ سۆزەوە سەرانی عەشیرەتەکان و شێخەکانی ناوچەی هەورامان بۆ ڕاوەستان لە بەرامبەر (دوژمنانی ئیسلام) ڕێنمایی بکات، لەوانە ناردنی نامە بۆ هەر یەك لە شێخ حوسامەدین و شێخ نەجمەدین، بەگوێرەی سەنجاوی یەکەمیان ئامادەیی هاوکاری خۆی پیشانداوە، بەو مەرجەی دەوڵەتی عوسمانی هەزار سەرباز بنێرێتە سنووری هەورامان و شارەزوور. بەڵام دووەمیان(واتە شێخ نەجمەدین ئەگەرچی دۆستانە وڵامی داوەتەوە، بەڵام لەناخەوە چی خۆی و چی شێخ کامیلی برای بەهۆی بەشداریکردنیان لە کوشتنی (کاپتن شۆڵتس)، بەتەواوی لە ئینگلیزەکان نزیکبوونەتەوە، تەنانەت کوڕەکەی لە خانەقین موچەی ئینگلیزەکانی وەرگرتووە. بۆ زیاتر بڕوانە: ایل سنجابی و مجاهدت ملی ایران، خاگرات علی اکبر خان سردار مقتدر سنجابی، تحریر و تحشیه: دکتر کریم سنجابی، (تهران ١٣٨٠)، ص ٥٣٢.

(١٠٥) محمد علی قرداغی، بوژاندنەوەی زانایانی کورد......، (ب٥)، ل١٩٥.

(١٠٦) یادی مەردان، ب٢، ل٣٢.

(١٠٧) هەمان سەرچاوە.. ل٣٢.

(١٠٨) سەید تاهیری هاشمی، مەولانا خالیدو تەریقەتی نەقشبەندی، و. دلێر میرزا، (سلێمانی ٢٠٠٤)، ل٤٤.

(١٠٩) بڕوانە: نامەی سەدو چل و هەشتەم لە: مەکتووبات وەرگێڕدراوی نامە فارسییەکانی مەولانا خالید، و: سەباح بەرزنجی، (هەولێر ٢٠٠٩)، ل١٩٢.

(١١٠) یادی مەردان، ب١، ل ل١٦-١٨.

(١١١) بڕوانە: دیوانی سالم، چ١، چاپخانەی أیتام، (بغداد ١٩٣٣)، ل١٢.

(١١٢) محەمەد حەمە باقی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٥٠-٥١.

(١١٣) بۆ بینینی ناوەڕۆکی تەواوی نامەکەی بڕوانە: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان و هەندێ لە مورید و مەنسوبە دیارەکانی، ل ل٢١٩-٢٢٠.

(١١٤) فاضل بيات، المصدر السابق، ص٣١٥.

(١١٥) محەمەد ئەمین زەکی بەگ، تاریخی سلێمانی وە ولاٌتی، (سلێمانی ٢٠٠٦)، ل١٥٠.

(١١٦) مارف ناسراو، مێژووی کتێبخانەکانی سلێمانی،(سلێمانی ٢٠٠٠)، ل١٣٨.

(١١٧) بڕوانە: مامۆستا جەعفەر، شاری سلێمانی ململانێی گروپە کۆمەلاٌیەتییەکان ١٨٢٠-١٩٢٠، (سلێمانی ٢٠٠٦)، ل١٠٢. بەگوێرەی جەمال بابان خانەقای مەولانا دوو جار نۆژەنکراوەتەوە، دووەم جاریان بە هەوڵ و کۆششی مەلا محەمەدی خال پارەی بۆ کۆکراوەتەوە خانەقاکە بەرین و فراوان کراوەتەوە. بڕوانە: سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ب٤، چ٢، (هەولێر ٢٠١٣)، ل١١٨.

(١١٨) كاميران عبدالصمد الدوسكي، المصدر السابق، ص٣١٠.

(١١٩) بشير سعيد عبدالرحمن، بهدينان و عشائرها (دراسة تاريخية)، (دهوك ٢٠٠٦)، ص ٤٨٥.

(١٢٠) عروبة جميل محمود عثمان، التكايا في الموصل في اواخر العهد العثماني و حتى سنة ١٩١٨، (مجلة دراسات موصلية، (العدد العشرون لسنة ٢٠٠٨)، ص ٣٩.

(١٢١) بشير سعيد عبدالرحمن، المصدر السابق، ص٤٨٦.

(١٢٢) محمد زكي البرواري، الكورد و الدولة العثمانية، (دمشق ٢٠٠٩)، ص٢٢٨.

(١٢٣) عباس العزاوي، العمادية في مختلف العصور، (كوردستان ١٩٩٨)، ص ص٩٧-٩٨.

(١٢٤) فاضل بيات، المصدر السابق، ص٣١٥.

(١٢٥)عبدالسلام رووف، مراكز ثقافيه مغموره في كردستان، ص٣٥.

(١٢٦) بڕوانە: اماره بهدينان الكرديه او اماره العماديه، المصدر السابق، ص ص ٥٨-٥٩.

(١٢٧) عثمان علي، الحركة الكردية المعاصرة (١٨٣٣-١٩٤٦) دراسة تاريخية وثائقية، (اربيل ٢٠٠٣)، ص٣١٠.

(١٢٨) صديق الدملوجي، المصدر السابق، ص٥٩.

(١٢٩) فريد أسسرد، اصول العقائد البارزانية، ط١، (السليمانية ٢٠٠٨)، ص ص٢٩٣-٢٩٤.

(١٣٠) پی ره ش، المصدر السابق، ص ص ٣٣-٣٢.

(١٣١) مسعود البارزانی، البارزانی و الحركه التحرريه الكرديـه-انتفاچـه بـارزان الاولى ١٩٣١-١٩٣٢، (كردستان ١٩٨٦)، ص١٧.

(١٣٢) جعفر عەلی ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٤٧-١٤٨.

(١٣٣) نەهێشتنی موڵکایەتی، دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاراندا، ڕەتکردنەوەی مارەیی و بەزۆر بەشودانی کچ و ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنچینەی یەکسانی و دادپەوەری...هتد لە گرنگترین چاکسازییەکانی بوو، هەرچی چالاکییە سیاسیی و کولتورییەکانێتی، ئەو کاتە دەستیپێکرد، کە ئامادەی کۆبوونەوەی دەستەیەك لە شێخان و سەرۆك عەشیرەتەکانی ناوچەکە بوو لە گوندی بریفکان. شێخ عەبدولسەلام لە پشتی دارشتنی ئەو بروسکە مێژووییەوە بوو، کە لەم کۆبوونەوەدا ڕەوانەی بابیعالی لە ئەستەمبول کرا، تیایدا ژمارەیەك داخوازی نەتەوەیی و ئاینی لەخۆگرتبوو، لەوانە: خوێندنی لە قەزاکانی (دهوك، ئاکرێ، ئامێدی، زاخۆ، زێبار) بەکوردی بێت و بەڕێوبەرو فەرمانبەرەکانی لە خەڵکی کورد بن و قازی و موفتیەکانی سەر بە مەزهەبی شافعی ببێت، وەرگرتنی باجی ناوچەکەش بەپێی شەریعەت بێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عیمان علی، المصدر السابق، ص ص ٢٣٦-٢٣٧. هەروەها: جعفر عەلی ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٤٩-١٥١.

(١٣٤) بۆ زانیاری ورد سەبارەت بەپەیوەندییەکانی نێوان شێخ و عوسمانییەکان لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٠٨-١٩١٤)، بڕوانە: پی ڕەش، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٠١-١٤٨. بۆ زانیاری زانیاری وردیش سەبارەت بە لە سێدادانی بڕوانە: صديق الدملوجي، المصدر السابق، ص ص٩٢-٩٤.

(١٣٥) بڕوانە: ماڵخان شێروانی، بارزان و ڕەچەڵەکی بارزانیان،(ستۆکهۆڵم ١٩٩٥)، ل ل ٣٨-٣٩ و ٦٧.

* ئەم خانەقا لە سەرچاوەکاندا هەر بە خانەقا ناوی هاتووەو قوتابخانەکەشی بە قوتابخانەی خانەقا ناوی هاتووە، وەك ئاماژەی بۆ کراوە گەڕەکەکەیش ناوەکەی لەم خانەقاوە وەرگرتووەو بە گەڕەکی خانەقا ناسراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی شێخ هیدایەتوڵلا یەکەمین شێخەکان بووە، کە دایمەزراندووەو دەستبەکاربووە تیایدا، بۆیە بەناوی شێخی نێوبراوەوە ناوم هێناوە.

(١٣٦) زبـير بـلال اسماعيـل، علمـاو ومـدارس فـى اربيـل، گ١، (بغـداد ١٩٨٤)، ص ص٦٧-٦٨.بەگوێرەی زوبیر بلال اسماعیل، ئەم خانەقایە لە ساڵی (١٩٥٢ز) نۆژەنکراوەتەوەو خانووی نـوێی بـۆ زیـاد کـراوە، بـۆ سـاڵی (١٩٦١ز)یـش بەیـەکجاری ڕوخێنـراوەو لەسـەر شـێوازو نەخـشەی نـوێ دروستکراوەتەوەو منارەیەکیشی بۆ کراوە. بڕوانە هەمان سەرچاوە: ل ٦٨.

(١٣٧) عباس العزاوی، أربل فی مختلف العصور اللـواء والمدينـة، (بغـداد ٢٠٠١)، ص ص١٠٥-١٠٦.

(١٣٨) زبير بلال اسماعيل، المصدر السابق، ص ص ٦٩-٧٠.

(١٣٩) فاضل بيات، المصدر السابق، ص٣٢٠.

# ملخص البحث

## التكايا و الخوانق فى جنوب كوردستان فى أوآخر العهد العثمانى

مع انتشار الطريقة القادرية و النقشبندية فى جنوب كوردستان، بدأت التكايا والخوانق، كمؤسسات دينية و زوايا للدراويش و الصوفية و مكانا لممارسة الشعائر الصوفية، تتأسس رويدا رويدا فى الكثير من المراكز و الأماكن فى المنطقة. بالرغم من الدور الدينى لهذه المؤسسات، كمكان لاقامة حلقات الذكر و الارشاد و الوعظ و تأدية الطقوس الدينية الاخرى، وكذلك دورها الثقافى و الأجتماعى، التى تجسدت فى التطبيق و الحفاظ على التقاليد الأجتماعية. كذلك اصبحت ضرورة سياسية عن طريق الترابط الحيوى القائم بين السياسة و التصوف فى العهد العثمانى، من خلال كسب و تأمين الولآء الشعبى للسلاطين و تثبيت ركائز الدولة.

ان هذا البحث محاولة لتسليط الضوء على ظهور و تطور اهم التكايا و الخوانق فى جنوب كوردستان فى أوآخر العهد العثمانى و ابراز دورها الدينى و الأجتماعى و التعليمى التى مارستها فى تلك المرحلة.

## Abstract

**Takyas and Khanaqahs in the south of Kurdistan at the end of Ottomans Era**

With Spreading the belief of Qadri and Naqshbandi in the south of Kurdistan, Takyas and Khanaqahs were established continuously with some other centers and place in the region as a religious site and worship places for Derwesh and Sufies to their spiritoud and religious ceremonies. Despite the role of this religious process as a place for implementing their religious rites, they guide, invoke and learn as well as this method have cultural, social role, in which they attempt to perform and protect social custom. These sites, also, became polical needs because they are organic relations Ottoman Era. These beliefs are used to draw normal peoples attention to sultans. Thes, this stady is an attept to discase the appearance and development of the most important Takyas and Khanaqahs in south Kurdistan, at the end of the Ottomans Era.It also, outlines to the various roles of the most significant shekhs in this period.